# تفسير القرآن العظيم

للإمام أبي الفداء الحافظ ابن كثير الدمشقي

المتوفى سنة ٧٧٤ هـ

شیکردنەوە

کامەران کەریم رحمه الله

# لێکدانەوەی سوورەتی فصلت

## لەلایەن

## م.کامەران کەریم ( رحمه الله )

# بسم الله الرحمن الرحيم

تةفسيرى سورەتى (فصلت)

ئەم سورەتە یەکێکە لە سورەتە مەککیەکان ، جا سورەتەکانی قورئان یان مەککیە یان مەدەنییە ، واتا یان لە مەککە دابەزیوە یان لە مەدینە . سورەتە مەککیەکان هەموویان لە لایەنی عەقیدەو بیرو بڕوای ئیسلامیەوە دەدوێن ، بەتایبەتی ئەو سێ خاڵە گرنگەی کە پەیوەستە بە پەرستنی خواي تەعالا و ئیسپاتی پەیام بۆ پەیامبەران وە هةروةها ئیسپات کردنی زیندوو بوونەوە لە ڕۆژی دوایی .ئەمە ئەو سێ خاڵە گرنگەن کەوا موشریکین بڕوایان پێ نەئەکرد .سەرەتای سورەتەکە بەباس کردن لە قورئان دەست پێ دەکات کە لەلایەنی خواي تەعالاوە هاتۆتە خوارەوە ، بەو شێوەیە نییە کەوا موشریکین دەڵێن پێغەمبەر علیەصلاة وسلام بۆخۆی دروستی کردووە و هەڵی بەستووە ، یاخود قسەی ئەفسوناوی ڕابردووە یاخود جنۆکە پێی وتووە یاخود لە ئەحبارو ڕوهبانەکان ئیستیفادەی کردووە . نەخێر لەلایەن خواي تەعالاوە هاتۆتە خوارەوە .

وە ئەوەندە بەڵگەی تیدایە کە دەلالەت دەکات لەسەر ڕاستێتی پێغەمبەری خوا علیە صلاة وسلام کە قورئان بۆخۆی ئەو موعجیزە بەردەوامە زیندووة هةتا ڕۆژی قیامەت کەس ناتوانێت وەک ئەم قورئانە بهێنێ ، هیچ بەشەرێک ناتوانێ . بوية ئەمە ڕوونترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم قورئانە لەلایەن خواي تەعالاوەیە .

ئةم سورەتە باسی بابەتی نیگا و پەیام و ریسالە دەکات ، وە حەقیقەتی پێغەمبەر علیە صلاة وسلام باس دەکات کە بەشەرێکە وەکو بەشەرەکان ، بەس خواي گەورە تایبەتمەندی کردۆتەوە بە وەحی ، بەنیگاوە ڕێزی لێناوە کردوویەتی بە پێغەمبەر ، وە پێغەمبەرایەتیش دەست ناکەوێ بە هەوڵدان بەڵکو ڕێزێکی خوایە ئةیبنێت لە هەر عەبدێک لەو عەبدانەی کە خۆی بیەوێت .وە خۆی لەنێوان خەڵکەکاندا کەسێک هەڵدەبژێرێ ، واتا هیچ کەس بەئارەزووی خۆی نییە کەبۆتە پێغەمبەر علیهم الصلاة والسلام .

هەروەها سورەتەکە باسی ئەوەمان بۆ دەکات کەوا ئینسان سەرنج بدات لەم حەیاتە لەم ژیانە ، چۆن دروست بووە ! ئاسمانەکان و زەوی ئابەم شێوە دروست و جوان و دەقیقە خواي تەعالا چۆن بە پتەوی دروستی کردووە ، وە چاوی ئەو کەسانە ڕادەکێشێت بۆ بینینی ئەو مەلەکوتەی خواي تەعالا ، ئەوکەسانەی کەوا دژن و پشتیان کردۆتە ئایەتەکانی خوا .

ئایا ئەم کەونە جوانە بەم دەقیقیە هەروا لەخۆیەوە بووە ؟

بەڵام تاریکایی کوفر بەرچاوی گرتوون لەوەی کە ئیمان بەم حەقیقەتە بهێنن و خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ خواي تەعالاو شوێن هەواو نەفسی خۆیان نەکەون .

هەروەها سورەتەکە باسی لەناوچونی ئەوانەمان بۆ دەکات کە بەرهەڵستی پێغەمبەرانیان کردووە ، وە بڕوایان بە پێغەمبەران نەهێناوە علیهم الصلاة وسلام . بەڵکو باسی ئەوانەمان بۆ دەکات کە خۆیان بەوپەڕی خاوەنی هێز و قووەت زانیوە و بەهێزەکەی خۆیان نازیون، جەبەروتیان ئەوەندە گەورە بووە لەلای خۆیان دەیانوت کێ هێزو دەسەڵاتی لە ئێمە زیاترە !! وەکو قەومی عاد ، کە خۆیان بەوپەری هێزو دەسەڵات ئەزانی کەچی خواي تەعالا زۆر بەئاسانی لەناوی بردن ، ئەمە دەرسە بۆ هەموو ئەوانەی کە خۆیان بە قودرەت و توانا و بەوپەڕی خاوەنی هێز ئەزانن و بەهێزەکەی خۆیان ئەنازن ، هەروەک لەواقیعە ئێمە دەبینی دەوڵەتە زلهێزەکان بەوپەڕی تواناو هێزو چەک و ئەسلیحەی خۆیان دەنازن ، دەبێ ئەوە بزانن کە لەپێش ئەوانەوە کەسانێک لەناو جوون و خوا لەناوی بردوون کە زۆر بەهێزو بەتوانا بوون ، تەنانەت لە جسم و لەماددەو لەوەی کەهەیانبووە خۆشیان نەیانزانیوە لە کوێوە خواي تەعالا لەناوی بردوون . بوية دەبێ ئاگاداری خۆیان بن ئەو هێزو دەسەڵاتە لەماوەی لەحزاتدا خواي تەعالا لەناوی دەباو ئەمەش دڵنەوایی کردنە بۆ موسوڵمانان کەوا هەموو شتێ دنیا و هێزو توانای ئینسانەکان نییە ، بەڵکو دەسەڵات و قووەت و هەیمەنەتی خواي تەعالا زۆر لەوە بڵنترو گەوەترێکە .بوية ئەبي ئینسانی موسوڵمان هیچ کاتێک توشی ئیحباط نەبێ ، واتا توشی دارمان نەبێت ، نەڵێ والله لەواقعی ئێستا زلهێزان و ئەو دەوڵەتانەی کەوا ئەوپەڕی دەسەڵات و توانایان هەیە بەسەرماندا زاڵن و هیچمان بۆ ناکرێ ، ئەوە لەکەم ئیمانی خۆمانەوەیە وامان لێ هاتووە ، ئەگەر ئێمە سەرنج بدەینە خواي تەبارەک وە تەعالاو قووەت و هێزو عیززەت و دەسەڵات و گەورەیی خواي

تەعالا ، بەس بگەڕێینەوە بۆ ئیمانەکەمان ئەوانە بە لەحەزات واتە لەماوەی چەند جرکەیەک لەناو دەچن . داوا ئەکەم لەخواي تەعالا هەر یەکێک لە ئێمە بگەڕێنیتەوە بۆ ئەو ئیمانەی کەوا پێغەمبەر علیە صلاة وسلام و ئەسحاب و شوێن کەوتوانی لەسەر بوون ، کە لەماوەیەکی کەمدا ئەو زلهێزانەی قوڕەیشیان لەناو بردو بەڵکو پێغەمبەری خوا علیە الصلاة والسلام کاتێ وەفاتی کرد جزیرەی عەرەب هەمووی لەبەردەستیا بوو ، هەمووی فەتح کرابوو .

هەروەها سورەتەکە باسی ئەو موجریمانەمان بۆ دەکات کە خواي تەعالا لەناوی بردن ، وەخواي تەعالا دڵنەوایی موسوڵمانان دەکات بەوەی کەوا ئێوە ڕێگەی ئیمان بگرنە بەر ، بویة لەدوای ئەوە کە باسی موسوڵمانان و لەخوا ترسان دەکات ، ئەوانەی لەسەر دینی خوا ئیستیقامەو بەردەوامیان هەبوو و لەسەر شەرعی خوا ڕۆیشتوون، خوا چۆن ڕێزی لێناون و ئەمن و ئەمانی پێ بەخشیون ، بەتایبەتی پێیان دەبەخشێ لە قیامەت و لەبەهەشتەکەیا کە ئەمە عاقیبەت و دواڕۆژی موسوڵمانە کە ئەبێ ئەوپەری دڵی خۆیانی پێ خۆش بکەنچونکە ئینسان دەبێ سەیری عاقیبەت و سەرەنجام بکات ، عاقیبەت و دواڕۆژ گەورەترین شتێکە کە ئینسان بە دەستی بهێنێ ، ئەویش بەهەشتەکەی خواي تەعالاو بینینی خواي تبارک وتعالایە.

وە ئەو جۆرە کەسانە لەگەڵ پێغەمبەران و لەگەڵ صدیقین و شوهەداو صالحین دەبن ، دەبنە ڕەفیقی ئەوانە . ئەگەر تۆ لە دنیاشدا هەوڵتدا دینداری بکەی و تێکۆشایی تا لەدین تێ بگەی و دینی خوا سەر بخەی ، ئەگەر لە واقعیشدا ئەمەت بۆ نەچووە سەر بەس لە دڵ و دەروون ئاکارو ڕەفتارو وتارو کارەکانی خۆتدا جێبەجێت کرد و سەرەنجام بەو ئیمانەوە ڕۆیشتی ،دڵنیابە بەئیزنی خواي تەعالا ئەبیتە هاوڕێی پێغەمبەر و هاوەڵان و ڕاستگۆو شەهیدەکان .

هەروەها سورەتەکە باسی ئەو ئایەتە کەونیانەمان بۆ دەکات لە مەلەکوتی خواي تبارک و تعالا لە ئاسمان و زەمین و خۆر و مانگ و ئەستێرە کان و ئەوەی خوا دروستی کردووە کە پڕیەتی لە حیکمەت و عەجائب ، وە مەوقیفی مولحیدینمان بۆ باس دەکات کە کوێرن لە ئاستی ئەو هەموو بەڵگە گەورانە ، سەرەرای بینینی ئەو هەموو موعجیزەیە لە کەون و کائینات چاویان بەهۆی تاریکایی کوفرەوە کوێر بووەو حەقیقەت نابینن .

سورةتةكة بەوە کۆتایی دێت کە خواي تەعالا وەعدی داوە بەبەشەریەت بەوەی کەوا بینایان بکات و ئاشنایان بکات بە سرِ و نهێنی ئەم کەونە ، بەهەندێک لەئەسراری ئەم کەونە لە داهاتودا ، وەک دەفەرموێ ئێمە پیشانیان دەدەین بەڵگەکانی خۆمان لە ئاسۆی ئاسمانەکان و زەوی هەروةها لەناو نەفسی خۆشیاندا .

کەچەند عەجائب هەیە لە ئاسمان و زەوی و نەفسی خۆیاندا ئەگەر سەرنج بدەن و بویان دەربکەوێ کە قورئان حەقەو فەرموودەی خواي تەعالایە و لەسەری برِۆن و بیکەن بەبەرنامەیان، هەرچی بەرنامەی پرِوپوچ هەیە هەمووی واز لێ بهێنن و لە رِیبازە دنیاییەکان ، ئەوەی ئینسانە نوقسانەکان دروستیان کردوون ، ئەمرو ئەبینی شتێک ئەڵێ ، رِۆژێکی کە شتێکی تر دەڵێن. خواي تەعالا دەفەرموێ ئایا خواي پەروەردگار بەس نییە بەوەی کە بەئاگادارە بەسەر هەموو شتێک .

وە ئەم سورەتە ناوی فوسسیلەتە لەبەر ئەوەی لە بیدایەت دەفەرموێ (حم ، تنزيل من الرحمن الرحيم ، كتاب فصلت اياته) کەلیمەی فوسسیلەت یەعنی وازح کراوە ، بەیان کراوە ، رِوون کراوەتەوە ، لێک دراوەتەوە ، شی کراوەتەوە ، ئایەتەکانی خواي تەعالا هەموو مەعانیەکانی دیارە و وازحە ، بویة ئەم سورەتە ناوبراوە بە سورەتی فصلت .

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قَالَ تَعَالَى: ﴿ حمٓ ۝١ تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٢ كِتَٰبٌ فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ قُرۡءَانًا عَرَبِيًّا لِّقَوۡمٍ يَعۡلَمُونَ ۝٣
بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعۡرَضَ أَكۡثَرُهُمۡ فَهُمۡ لَا يَسۡمَعُونَ ۝٤ وَقَالُواْ قُلُوبُنَا فِيٓ أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدۡعُونَآ إِلَيۡهِ وَفِيٓ ءَاذَانِنَا وَقۡرٌ
وَمِنۢ بَيۡنِنَا وَبَيۡنِكَ حِجَابٌ فَٱعۡمَلۡ إِنَّنَا عَٰمِلُونَ ۝٥ ﴾ فصلت: ١ - ٥

- خواي تەعالا لە لەسەرەتادا باسی قورئانی پیرۆزمان بۆ دەکات (حم ) لەو حروفە مقطعانەن کەوا زۆربەی عولەما دەڵێن خوا خۆی دەزانێ مانای چییە بەڵام موحەقیقین لە موفەسیرین دەفەرموون ئیشارەتە بۆ ئیعجازی ئەم قورئانە ، ئێوەی قورەیش یاخود هەرکەسێکی کە کە دەڵێن ئەم قورئانە هی خوا نییەو بەشەر داینایوە ، خۆ لە ( ح ، م ) کە حروفی عەرەبییە ، ئێوەش وەرن وەکو ئەم قورئانە حروفەکان بێنن قورئانێکی تر دروست بکەن .
تەبعەن خواي گەورە تەعەدای کردن لەوەی کەوا بێن تەنانەت یەک سورەتیش بێنن ، کەس نەیتوانیوە هەتا ئێستا وە ئەو قورئانە ١٤٠٠ ساڵە هەتا ئێستا بە هیچ شێوەیەک پڕوپوچی و بەتاڵی لەهیچ لایەکیەوە نەهاتووە و کەس نەیبینیوە ،الحمدلله هەمووی حەقایق و ڕاستەقینەیە . ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی کەوا موعجیزەی پێغەمبەری خالق بێ علیەالصلاة وسلام .
ئەفەرموێ عولەمایان بویة ئەم مەعنایەیان کردووە چونکە زۆربەی کات لەدوای ئەم حروفانەوە باس باسی قورئانە ، ئەم قورئانە هاتۆتە خوارەوە لەلایەن خوایەکەوە کە الرحمن و الرحيم ە ، وە ئەوانە دوانن لە ناوەکانی خواي تەعالا ، ئەم دوناوە سیفەتی ڕەحمەتی تێدا بەدی دەکرێت ، واتا خواي تەعالا کە الرحمن و الرحيم ە ،ئەوانە ناون وە هەروەها سیفەتی الرحمن و الرحيم بریتیە لە ڕەحمەت ، واتا خوا خاوەنی ڕەحمەتە . نەک وەکو ئەشعەرییەکان ئەڵێن ئیرادەی ڕەحمەتی هەیە ،یەعنی تەئویلی رەحمەت دەکەن بە ئیرادەی ڕەحمەت ،چونکە ئەوان سیفەتی ڕەحمەت ئیسپات ناکەن . ئەهلی سونەو جەماعە دەفەرموون بەڵێ الرحمن و الرحيم ناوی خوان و سیفەتەکەشی سیفەتی رەحمەتە .الرحمن یەعنی ڕەحمەت و میهرەبانییەکەی زۆر گەورەیە ،الرحيم یەعنی رەحمەت و میهرەبانییەکەی بەردەوامە . واتا گەورەیی رەحمەت لە الرحمن دا دەبینینەوە وە بەردەوامێتی ئەو ڕەحمەتە لە

الرحيم دا دەبینینەوە ، بویة عولەما دەفەرموون الرحمن واتا بەڕەحمە بۆ کافرو موسوڵمان و الرحیم بە تەنها بۆ موسوڵمانان ،(بالمؤمنین الرؤف الرحیم) وە الرحیم یش بۆ بەهەشت و بۆ هەتاهەتایی ژیانی داهاتووە ، کەخواي تەعالا الرحیم ە بەرامبەر بە عەبدەکانی . باشان دەفەرموێ ئەم قورئانە لەلایەن خواوە کە الرحمن و الرحیم ە هاتۆتە خوارەوە ، (کتاب فصلت ایاته ) واتا کتێبێکە بەیان کراوە ، شی کراوەتەوە ، لێک دراوەتەوە ، ڕوونکراوەتەوە ، ئایەتەکانی وازحەو کێشەی تێدا نییە ، واتا هەموو کەسێ تێی دەگات . سەرنجی بدەن تێی دەگەن کە چییە (قرانا عربیا ) کە قورئانێکی عەرەبییە ، قورئانێکە بەعەرەبی هاتۆتە خوارەوە بۆ کەسانێک کەوا زانیار بن ، بۆکەسانێک کە بزانن ، یەعنی کەسی جاهیل تێی ناگات . بویة پێویستە ئینسان زانیار بێ تاوەکو لە ئایەتەکانی خواي تەعالا تێ بگات . کافرەکان گوێشیان لێ بوو بەڵام دەیانوت تێی ناگەین ، بەعەرەبیشە کەچی دەیانوت تێی ناگەین ،ناچێتە دڵمانەوە .

- (بشیرا ونذیرا ) واتا ئەم قورئانە مژدە دەریشە و ترسێنەریشە ، تەماشای ئەم دوو وەسفە بکەن ، ئەڵێ قورئانی پیرۆز مژدەدەرە بەکێ وە ترسێنەریشە بۆ کێ ؟ مژدەدەرە بە کەسێک شوێنی بکەوێت ،مژدەی بەهەشت و بینینی خواي ئەداتێ ، مژدەی سەرکەوتنی دنیاو قیامەتی دەداتێ ، ترسێنەریشە بۆکەسانێ کە شوێنی نەکەون ،بویة خواي تەعالا تووشی عەزاب و هەلاکەتیان دەکات لە دنیاو لە قیامەتیشدا . کەواتە پێویستە دەعوە بە هەردوو ڕێگادا بڕوات ، بەداخەوە ئەمرو لەڕێی بانگەوازدا کەسانێک دەبینی دەڵێ بەخوا من نامەوێ باسی شتی ناخۆش بکەم بۆ خەڵکی ! دەڵێین بۆ تۆ لەخوا بەڕەحمتری باسی جەهەننەم ناکەی ؟ ئەوە خواي تەعالا خۆی دەفەرموێ بشیرا و نذیرا ، یان کەسانێکمان هەیە بەس خەڵک دەترسێنن باسی بەشارەت و مژدە ناکەن ، دەڵێین تۆ لەخواي تەعالا شارەزا تری ؟ خواي تەعالا خۆی هەردوکی هێنا ، ئەبێ پێغەمبەرەکە علیە الصلاة وسلام خودی خۆی مژدەدەرو ترسێنەریش بێ ، وە ئەبێ قورئان بۆخۆی بەشیرو نەذیر بێ ،خواي گەورە وا ناردویەتی کەوابێ . مژدەبۆ ئەوکەسانەی کە بەقسەی دەکەن و شوێنی دەکەون ، وە عەزاب ماڵوێرانی دنیاو قیامەتیش بۆ ئەوانەی پشتی تێ دەکەن . (فاعرض اکثرهم فهم لا یسمعون) زۆرینەی زۆری

خەڵکی پشتیان کردە ئەم دینە ، ئەم ئیسلامە ، ئەم قورئانە ،نابیستن و نایانەوێ تێ بگەن. (و قالوا قلوبنا فی اکنة مما تدعونا الیە ) دەڵێن ئێمە دڵمان داپۆشراوە بەپۆشەرێک لەوەی تۆ ئیمەتي بۆ بانگەواز دەکەی بویة ئێمە تێی ناگەین ، (وفی اذاننا وقر) گوێمان گرانە و کەڕە ،نابیستین لەئاستی قسەکانی تۆ ، (من بیننا و بینک حجاب)لەنێوان ئێمەو تۆدا پەردە هەیە ناتوانین لەتۆ تێبگەین ، (فعمل اننا عاملون ) ئیشی خۆت بۆخۆت و ئیشی خۆمان بۆخۆمان ، بڕۆ تۆ چی ئەکەی بیکەو ئێمەش چی بکەین دەیکەین . ئەمە لە واقعی ئەمروشدا هەیە ، زۆربەی زۆری خەڵک پشت لەو کەسە دەکات کە بەحەق لەسەر ئەم دینە دەڕوات ، چونکە خەڵک نایەوێت ئەو حەقیقەتە ببیستن ، شوێنکەوتەی ئارەزووەکانی خۆیانن ، شوێنی ئازادی نەفسیان کەوتوون ، شوێنکەوتەی ئەوانەن کە لەسەر ڕێگەی ڕاست وەستاون کە شەیتان و شەیاتینیەکانن . بویة پێویستە موسوڵمان موسوڵمان گوێ نەداتە خەڵک و پێیان نەخەڵەتێ ، بە زۆرینەی خەڵکی نەخەڵەتێ .

- بو قورئان بە عەرەبی هاتووە ؟
- خواي تەعالا بۆخۆی ئیرادەی وا بووە ،حیکمەتی وابووە ئەو قورئانە بەعەرەبی بنێرێت ، ئەگەر بەهەر زمانێکی تر بهاتایە خەلق و دروستکراو هەرهەمووی ئەبي عەبدی خوابێ و بەتەنها خوا بپەرستێ ، بەندەی خوا بن و بڵێن ( سمعنا و اطعنا) واتا گوێمان لێ بوو و ملکەچ بووین ، ئەمەی کەوا دەڵێن بۆ بەعەرەبی هاتووە یان بۆ بەو زمانە نەهات ،ئەمە دەمارگیری و قەومایەتیە و ڕێگەی شەیتانە ، وە ئینسانی پێ کافر دەبێ پەنا بەخواي تەعالا . زۆر کەس دەڵێ ئەم قورئانە بۆ عەرەبە پێ پەتیەکان هاتووە بۆ ئێمە نییە ، هەر ئەو کەلیمەیە بەسە کە لە دین دەرت بکات ئەگەر بیڵێی ، بویة بزانە لەلای خوا قەومایەتی نییە ئیمەتي موسوڵمان خواي تەعالا لەسەر دوو فیرقەو تایەفە دابەشی کردووین موسوڵمان و کافر ! لەوە زیاتر نییە . تۆ یان موسوڵمانی یان کافری .

- ئەبي لەسەر ئەو ئەساسە خەڵک جیا بکرێتەوە نەک لەسەر ئەساسی قەومایەتی و چینایەتی و لەسەر ئەساسی ڕەگەز و شتەکانی تر ، ئەمانە هەمووی ڕێگەی شەیتانن بۆ ئەوەي ڕێگە ڕاستەکەی خوات لێ تێک بدەن بوية وريابە . بوية موسوڵمانان ئەبي ئەوەی شوێنی ئەو دینە نەکەوتبێ ڕقی لێ بێ و خۆشی نەوێ ، ئەگینا کافر دەبێ
- (لاتَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُوله) ، لە دینی ئیسلام خزمایەتی و قەومایەتی نییە و ناکرێتە خاڵی ناکۆک ،تەنها ئیمان جیامان دەکاتەوە و خۆشەویستی و ڕقمان دەبێ هەر لەسەر ئەو ئەساسە بێت (انما المؤمنون اخوة ) ئەوەی بڕوادار نەبێ برامان نییە .
- لیرة ئیمامی ئیبن کەثیر چەند ڕیوایەتێک دەهێنێ باسی عوتبەی کوڕی ڕەبیعە دەکات کە دەچێ بۆ لای پێغەمبەر علیه صلاة وسلام بەوەی هەرچی بوێ بیدەنێ ،ژنی بدەنێ ،ماڵی بدەنێ ،بیکەنە ڕەئیس و سەرۆکی خۆیان ، بێ ئەو پەنجە نەکەن بەئاودا و بیکەن بە گەورەو سەروەر و سەرداری عەرەب بەس تەنها واز لەو ئیسلامە بهێنێ ، پێغەمبەر علیه الصلاة وسلام ڕازی نەبوو بەوە و ڕەتی کردوە . ئەمرو موسوڵمانان لەو ڕێگەیە ئەگەر ڕوبعی ئەوەشیان پێ بدرێ کە بەپێغەمبەر صلی الله علیه و سلم درا ،ئەوە دەست لەدین بەردەدەن !. بەداخەوە .....

ئەبي موسوڵمان بۆخوا سوڵحاو بێ ، لەدین زیاتر هیچی لا گرنگ نەبێ ، شارەزای ئیمان و تەوحید بێ و لەهیچ نەترسێ تەنها الله نەبێ و پشتی بکاتە ڕێبازی کوفرو گومڕایی و ڕێبازی قورئان و پێغەمبەری خوا علیه الصلاة والسلام هەڵبژێرێ ،ئینجا دەتوانێ ئیمانەکەی بەسەلامەتی بهێڵێتەوە و دونیاو جوانیەکانی کاری تێنەکات .

خوا لە ئیماندار ان و خۆشەویستانی خۆیمان بگێڕێ .

قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَاسْتَقِيمُوا إِلَيْهِ وَاسْتَغْفِرُوهُ وَوَيْلٌ لِلْمُشْرِكِينَ (6) الَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ بِالْآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ (7) إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ (8) قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَنْدَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ (9) وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِنْ فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ (10) ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ (11) فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (12)

(قل انما انا بشر مثلكم يوحى ) خواي گەورە بە پێغەمبەر عليه الصلاة والسلام دەفەرموێ تۆ بەو کافرانە بڵێ کەوا من بەشەرێکم وەک ئێوە ، خواي تەعالا تایبەتمەندی کردووم بەوەی وەحی بۆ کردووم ،نیگای بۆ کردووم بەوەی کە پێتان ڕابگەیەنم و پێتان بناسێنم کە پەرستراوی ئێوە کێیە ؟ پەرستراوی ئێوە یەک پەرستراوە . اله واحد ، هەموتان ئەوە بزانن کەوا ئەوەی فەرزە لەسەر ئێوە کە بیپەرستن تەنها یەک خوایە و نابێ چەند خوایەک بپەرسترێ . پێویستە هەمووکەسان ئاگایان لەو فەرمانەی پێغەمبەری خوابێ عليه الصلاة والسلام کە بەخەڵکی ڕادەگەیەنێ لەخواي تەعالاوە کە پەرستن بويەتک خوا دەکرێ . نەبۆ نەفس دەکرێ ، نەبۆ کەسانی تر دەکرێ ، نەبۆ زیندووان و نەبۆ مردووان ، نەبۆ هیچ جۆرە شتێک نەلەئەرز و نە لەئاسمان ، تەنها خوا نەبێ ﷻ ، تەنها ئەوکەسەی کەوا ئەرزو ئاسمانی دروست کردووە کەوا بەشەرەکانی دروست کردووە . کەواتە ( فَاسْتَقِيمُوا إِلَيْهِ وَاسْتَغْفِرُوهُ ) هەمووتان ڕێگەی ڕاست بگرنە بەر ، ئەو ڕێگەیەی کە ئەتانگەیەنێ بەخواي تەعالا ،کە جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خواي تەعالایە وە داوای لێخۆشبوونی گوناهەکانتانی لێ بکەن . چونکە ئینسان بیەوێ و نەیەوێ دەکەوێتە ناو گوناە و تاوانەوە ، بوية دەبێ داوای لێخۆشبوونی لێ بکەن بەبەردەوام . و ويل للمشركين وە عەزاب و سزای خوا و دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی کە یەک خوا ناپەرستن کە اللهیە ، کە شەریکی بۆقەرار دەدەن . هەرکەسێ شەریک بۆخوا قەرار بدات ،خواي تەعالا دەفەرموێ سزاو عەزابی خوا بۆئەو کەسە بێ ، ئەو کەسانە کێن ؟

( الذين لا يؤتون الزكاة) واتا ئەوانەی شایەتی نادەن خوا یەکەو محمد (صل الله علیه وسلم ) نێردراوی خوایە . بەتەبیعەتی حاڵ ئینسانی موشریک خۆی خاوێن ناکاتەوە لە شرک ، ئەو ئایەتە لەماناکانی ئەوەیە خاوێنبوونەوەی نەفس لە شرک . زۆربەی زۆری ئەهلی عیلم لە موفەسیرین دەفەرموون مەبەست لەم ئایەتە زەکاتی ماڵە ، بەڵام ئیمامی ئیبن کەثیر دەفەرموێ هەردوو قەولەکە کۆ دەکرێتەوە و هەردووکی دەگرێتەوە ، چ ئەوانەی زەکاتی ماڵ نادەن و ماڵی خۆیان پاک ناکەنەوە ، چ ئەوانەی نەفسی خۆیان لەشرک پاک ناکەنەوە . زەکاتی ماڵ لەساڵی دووەمی هیجرەت بوو لە مەدینە ، وە ئەم سورەتی فصلت خۆی سوەتێکی مەککیە ، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەبەست پێی زەکاتی نەفسە و خۆپاک کردنەوەیە لە شرک . ( و هم بالاخرة هم کافرون ) وە ئەوانە بڕوایان بەڕۆژی دوایی نییە ، بڕوایان بەڕۆژی ئاخیرەت نییە ، بڕوایان بە زیندوو بوونەوە نییە . (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ) خواي تەعالا لەدوای باسی موشریکین ، باسی مؤمنین دەکات ،باسی موحدین دەکات ، ئەوانەی تەنها خوا دەپەرستن و کافرن بەئەوانەی لە غەیری خوا دەپەرسترێت ، ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو کارەچاکەکان ئەنجام دەدەن، ئەوانە خواي تبارک و تعالا پاداشتی نەبڕاوەی بۆ داناون . (لهم اجر غیر ممنون) واتا پاداشتی نەبڕاوەی بویان داناوە ،غیر ممنون یەعنی غیر مقطوع ، واتا نابڕێتەوەو هەتا هەتاییە . ئەم ئایەتە دەلیلە لەسەر مەنهەجی ئەهلی سوننەوجەماعە لەسەر کردنو ئەنجامدانی ئەعمالەکان و فەرمانەکان ، واتا ئیمان شتێ نییە تەنها بەدەم بوترێ ، واتا بڵێی ئیمانم بەخوا هەیە و ئیتر فەرمانەکانی جێ بەجێ نەکەی . لیرة سەیری وشەی موشریک بکە ، ئەگەر ئینسان موشریک بێ ئەوە بە تەئکید موحید نییە ، وە ئەگەر موحید بێ ئەوە بەتەئکید موشریک نییە . نیمانە موشریک و موحید ، واتا هیچ کەسێ نییە لە هەردوو حاڵەتدا بێ ئیللا ئەبێ یەکێ بێ لەودوانە .

موشریک کێیە ؟ ئەو کەسەیە کە شرک دەکات ، واتا هاوبەش بۆ خوا دادەنێ ، کە لەجیاتی خوا هاوار بۆ پیاوچاکان بکات ، وە لەڕێبازی خوا لابدات و ڕێبازی تر بگرێتە بەر .

ئەمرو ئەگەر بتەوێ لەسەر ڕێبازی خوا بی و موحید بی ، ئەبي بگەڕێیتەوە بۆ قورئان و سونەتی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام . نەک دیموکراسی و پەرلەمان ،

نەک لیبرالی و لینینی و مارکسی ، نەک عبدالقادر و بت پەرستی ، نەک یاسای دەستی بەشەرە نوقسانەکان !...

ئیبن کەثیر دەفەرموێ ئیستیقامە یەعنی پوختە کردنی عیبادەت لەسەر ئەو شێوازەی کە خوا ئەمری کردووە ، چۆن لەسەر زاری پێغەمبەردا هێناویەتی علیه الصلاة والسلام . واتا یەک خوا ئەپەرستین ، یەعنی نە شرک ئەکەین نە بیدعە دەکەین ، ئەوەیە مانای ( لا اله الا الله محمد رسول الله ) .

ئیمەی موسوڵمانان کە دێینە ناو ئیسلام با بەتەقلیدی و نەریتی دایەو بابە وەری نەگرین ، با ئیسلامی ڕاستەقینە وەرگرین ، ئاوڕێک بدەینەوە بزانین ئێمە کێین ، خۆمان بدۆزینەوە !!

ئایا ئێمە کەسێ دەپەرستین کە خواي تەعالایە و عیبادەتەکانمان بۆ ئەو پوختەکرد ؟ باشان ئایا لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر علیەصلاة والسلام بووین ؟ خۆ ئەگەر وانەبێ ئەوە ئێمە موحید نین بەهیچ شێوەیەک .

بێینەسەر باسی ئیمان کە ئیمام ئیبن کثیر باسی کردووە لە ئایەتەکانی ((قد افلح من تزکی وذکراسم ربه فصلی )) واتا ڕزگاری بوو ئەوەی خۆی لە شرک پاک کردەوە و بە زمان یاد و زیکری خواي کرد و وە نوێژیشی ئەنجام دا . واتا ئیمان لە دڵ و قەول و عەمەلە .

( قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَنْدَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ )

ئەي محمد تۆ پییان بڵێ ئێوە کافرن بەرامبەر بەو خوایەی کە زەوی لە دوو ڕۆژدا دروست کردووە ! ئایەتەکە باسی خەلق دەکات ، یەعنی چۆن دەبێ تۆ بەرامبەر بەخالق کافر بی ، بەهەمان شێوە چۆن دەبێ تۆ ئیمانت بەکەسێک هەبێ کە خالق نەبێ ؟؟

کەواتە ئەوەی کە خەلق دەکات ، ئەوەی کە دروست دەکات ئەو ئەبي بپەرسترێ نەک ئەوەی کە خۆی دروستکراوە ، هیچ کەسێ خالق و دروستکار نییە تەنها خوا نەبێ ، وە هەر ئەو شایستەی پەرستنە . ( و تجعلون لە اندادا ) ئێوە دێن شەریکی

بۆ قەرار دەدەن ، ئەو خوایەی کە ئێوەی دروست کردووە ، ئێوە لە غەیری ئەو دەپەرستن و فەرمانی غەیری ئەو پەیڕەو دەکەن ؟!

ئەبي تەنها الله تعالى بپەرسترێ ، کە خواي هەمیشە زیندوو و خالقە .

( و ذلك رب العالمين ) ئا ئەو خالیقە خواي جیهانیانە ، هەر ئەبي ئەو بپەرسترێ و بەقسەی بکرێ ،نەک بەشەرەکان و دەستورەکانیان .

(وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِنْ فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ)

خواي تەعالا لەو زەویەدا کە بە دوو ڕۆژ دروستی کرد چی کرد ؟ ئاگادار بن زۆر کەس لەم ئایەتە بە هەڵە تێ دەگات ، لەژمارەی دروست بوونی ڕۆژەکان غەلەت دەکات . دەڵێن خوا بەدوو ڕۆژ زەوی دروست کرد و لە چوار ڕۆژی تر پێداویستیەکانی زەوی دروست کرد ئەوە بوو بەشەش ، وە لەئایەتی دوای ئەوە باسی دوو ڕۆژی تر دەکات ئەوە بوو بەهەشت !! وە لەلایەکی تر خواي تەعالا دەفەرموێ بەشەش رۆژ کەون و کائیناتی دروست کرد ، دەڵێن ئەمە چۆن دەبێ ؟؟ دەڵێین وەرە ئایەتەکە خواي تەعالا یەکەم شت زەوی دروست کرد بە دوو ڕۆژ ،ئاگادارین خواي تەعالا هەرچی بوێ دەتوانێ بە کن فیکون دروستی بکات ،بەڵام حیکمەتی هەیە لەوەی بە شەش ڕۆژ ئەرز و ئاسمانی دروست کردووە . هەندێ لە عولەما دەفەرموون خوا پێمان نیشان دەدات کە پەلە لە شتەکان نەکەین و بەلەسەرخۆیی و بەجوانی شتەکان دروست بکەین. حیکمەت لای خوایە و ئیمە نازانین . رواسی شاخە ، خوا شاخەکانی دروست کرد لەسەر زەمین بۆ ئەوەی زەوی جێگیر بێ و بەملاولادا نەکەوێ . و بارک فیها وە هەروەها بەرەکەتی ڕشتە ناوی و قدر فیها اقواتها واتا ئەو خواردن و ئەو شتانەی پێویستە بۆ زەوی خواي تەعالا دروستی کرد تێیدا . ئەمانە هەمووی لە چەند ڕۆژ ؟ لە چوار ڕۆژ . عولەما دەفەرموون زەوی و ئەوەی لەناوی دایە لە چوار ڕۆژدا دروست کراون .سواء للسائلین واتا بەبێ زیاد و کەم ، چوار ڕۆژی تەواو بۆ ئەو کەسانەی پرسیار دەکەن و دەپرسن .

( ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ )

دوای ئەوە خواي گەورە ڕووی کردە ئاسمان ، وهی دخان ، دخان واتا تاریکایی . خواي تەعالا بە ئاسمان باشان بەزەوی وت جوابم بدەنەوە بەخۆشیتان بێ یان بەناخۆشی ، لەژێر فەرمانی مندا بن ، وەک چۆن بلێی بتەوێ یان نەتەوێ ئەبي وابی ، وە بززەبت دەبێ وابێ . ئەگەر تەماشای گەردوون بکەین هەمووی لەبەر دەستی خوایە یان نا ، بەڵێ وایە . یەعنی خواي تەعالا بە شەیتان و غەیری شەیتان و بە مؤمن یان کافر بە لەحزەیەک بلێ وابێ ، وائەبي یان وانابێ ؟ بێگومان وادەبێ . کەس ناتوانێ ئیرادەی لەسەرووی خواوە بێ .

زەوی و ئاسمان چیيان وت ، وتیان بەوپەڕی ملکەچییەوە ئامادەین . خواي تەعالا حەوت ئاسمانی دروست کرد لە دوو ڕۆژ ، وە لە چوا ڕۆژ زەوی و ئەوەی لەناویەتت دروست کرد ، ئەوە بوو بەچەند ڕۆژ ، بوو بە شەش رۆژ .

فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ

واتا خواي گەورە نیگای کرد ، فەرمانی کرد بۆ هەر ئاسمانێک کەچی تێدا بکرێت وە چی تێدا نەکرێت . ئاسمانی دنیامان واتا ئەو ئاسمانەی کە لە ئێمەوە نزیکە ،خوا ڕازاندویەتیەوە بە ئەستێرە و دەدرەوشێنەوە ، وەهەروەها کردویەتی بەپارێزەر لەو شەیتانانەی دەیانەوێ بچن بۆ ئاسمان و خەبەر لە مەلائیکەکانی ئاسمان بدزن و بیدەن بەگوێی جادوگەراندا . خواي تەعالا ئاوەهای بەدیهێناوە، ئەو خوایەی کە باڵادەستە کەس بەسەریا زاڵ نییەو زانایە بەهەموو شتێک .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿فَإِنۡ أَعۡرَضُواْ فَقُلۡ أَنذَرۡتُكُمۡ صَٰعِقَةٗ مِّثۡلَ صَٰعِقَةِ عَادٖ وَثَمُودَ ١٣﴾ فصلت: ١٣

قَالَ تَعَالَى: ﴿ إِذْ جَآءَتْهُمُ ٱلرُّسُلُ مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّا ٱللَّهَ ۖ قَالُوا۟ لَوْ شَآءَ رَبُّنَا
لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةً فَإِنَّا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿١٤﴾ فَأَمَّا عَادٌ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَقَالُوا۟ مَنْ
أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ۖ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً ۖ وَكَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ ﴿١٥﴾ فَأَرْسَلْنَا
عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِىٓ أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ لِّنُذِيقَهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْىِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَخْزَىٰ ۖ وَهُمْ
لَا يُنصَرُونَ ﴿١٦﴾ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَٰهُمْ فَٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ فَأَخَذَتْهُمْ صَٰعِقَةُ ٱلْعَذَابِ ٱلْهُونِ بِمَا
كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٧﴾ وَنَجَّيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿١٨﴾ وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿١٩﴾ حَتَّىٰٓ
إِذَا مَا جَآءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَٰرُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢٠﴾ وَقَالُوا۟ لِجُلُودِهِمْ لِمَ
شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا ۖ قَالُوٓا۟ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ ۚ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢١﴾ وَمَا
كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا
تَعْمَلُونَ ﴿٢٢﴾ وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِى ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَىٰكُمْ فَأَصْبَحْتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن يَصْبِرُوا۟ فَٱلنَّارُ
مَثْوًى لَّهُمْ ۖ وَإِن يَسْتَعْتِبُوا۟ فَمَا هُم مِّنَ ٱلْمُعْتَبِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾ فصلت: ١٤ - ٢٤

خوا دەفەرموێ ئەگەر ئەوان وەڵامی تۆیان نەدایەوەو بڕوادار نەبوون و پشتیان کرد لە ئیمان و یەکخواپەرستی ،لەسەر شیرک و گومڕایی خۆیان بەردەوام بوون ، تۆ پێیان بڵێ ئەوا من ئێوە دەترسێنم بە عەزابێک ، بە هەورەبروسکەیەک کە لەلایەن خواوە بۆتان دێ وەک ئەو هەورەبروسکەو عەزابەی کەبۆقەومی عاد و ثەمود هات و لەناوی بردن ، واتا خواي تەعالا پێغەمبەرانی بە مژدەدەرو ترسێنەرناردووە .

ئەگەر بێت و وەڵامی پێغەمبەران بدەینەوە ئەوە خوا پاداشتی بۆ داناوین بەبەهەشت و بینینەکەی ، ئەگەر نا ئەوە عەزابی داناوە لە دنیا و لە قیامەتدا .

کاتێ ئەو پێغەمبەرانەیان بۆ هات ، یەک لەدوای یەک چ لەپێشیان ، واتا پێش خۆیان یان لەدوای خۆیان ، پێغەمبەران بە قەومەکانی خۆیان ئەوت ، پەیامەکەیان بریتی بوو لەوەی کە کەس مەپەرستن لەخوا زیاتر ،کە عیبادەت بۆ کەس مەکەن لەخوا

زیاتر . که ڕێباز و دەستووری کەس پیادە مەکەن و لەسەری مەڕۆن ئیلا یاساو دەستورو ڕێباز و فەرمایشتەکانی خوانەبێ . واتا کافر بن بە هەموو شتێک تەنها خوانەبێ . پێغەمبەران تەنها بۆ ئەوە هاتوون کەباسمان کرد .

بەڵام بەداخەوە ئەمرو تەماشا دەکەی موسوڵمانان ئاوها لە دینەکەیان تێ نەگەیشتوون ، بە تەقلیدی و عادەتی لە دایک و باوکەوە . دایک و باوکیش لەکاتێ لەدینی خوا تێنەگەیشتوون ئەولادی خۆیان بە تێنەگەیشتووی بەجێ دەهێڵن ،هەروا بەو شێوەیە بەتەقلید و عادات دەمێنێتەوە ، کەوا نوێژێک دەکرێت نازانێت ئەم نوێژە یەعنی چی ، شایەدمان دەهێنێت نازانێت واتای چییە !!...

ئەوە مەعناکەیەتی کە پەرستن بۆکەس مەکەن جگە لە الله سبحانه وتعالى .

موشریکین بە پێغەمبەرانیان دەوت ئەگەر خوا بیویستایە ئێوەی نەدەنارد ، بەڵکو مەلائیکەتی دەنارد ، واتا ئێمە پێویستمان بەبەشەر نییە بێ یاسامان بۆ دانێ و ڕێگەمان پیشان بدات ، بوية ئەوەی ئێوە بۆی هاتوون ،ئەو پەیامەی باسی دەکەن ئێمە بڕوامان پێی نییە و پێی کافرین .

موشریکی ئەو سەردەمە بڕوایان بەبەشەر نەبوو کەوا بێ نیزام و یاسای بۆدابنێ ، باسەیرێکی ئەمرو بکەین ،ئەمرو بەشەرەکان یاساو ڕێباز لەکێ وەردەگرن ؟؟ لە بەشەرەکانی وەردەگرن ! ڕوو ناکەنە خواي بەشەر .

ئەمرو خەڵک دەڵێن ئیمانمان هەیە بەخوا بەمەلائیکە بە پێغەمبەران بەکتێب ، وا دەڵێن بەزار ،بەڵام دەڵێن نا لەگەڵ ئەوەش بۆخۆمان یاسا بۆخۆمان دادەنێین ، ڕێنمایی لەکەس وەرناگرین !.

ئایەتی ١٥ خواي تەعالا دەفەرموێ قەومی عاد کە پێغەمبەرەکەیان هود بوو ،خۆیان بەزل زانی لەسەر خوا ،لەسەر پێغەمبەری خوا بەبێ حەق .واتا بەهەواو ئارەزووی خۆیان وە دەیانوت کێ هێزو دەسەڵاتی لە ئێمە زۆرترە ؟ ئەوانە قەومێک بوون ئەوەندە بەهێز بوون خانویان لە ئەشکەوت دادەتاشی و لەشاخ خانویان دروست دەکرد ، خاوەنی هێز بوون و بەو هێزەوە ئەنازین ، خوا دەفەرموێ پێیان بڵێ نابینن ئەو خوایەی کە ئەوانی دروست کردووە هێزو توانای لەوان زیاترە و بەهێزترە ، بەڵام ئەوانە ئینکاری ئایەتەکانی خوایان دەکرد و

بڕوایان پێی نەبوو . سزای ئەوان ئەوەبوو خواي گەورە ڕەشەبایەکی زۆر گەورە ، زۆر زۆر بەهێز و بەتوانا ، کەلیمەی صرصر سێ مانای بۆ هەیە لەلای زانایان ،واتا زۆر سارد و زۆر بەقووەت و وە هەروەها دەنگیشی لەگەڵ بووە . نحسات واتا لەسەریەک لەسەریەک و ناخۆشی ، واتا لەچەند ڕۆژێکی شوم و زۆرناخۆش و لەسەریەک ئەو عەزابەی بۆناردن . بۆ ئەوەی پێیان بچێژێت سزای سەرشۆڕکەر و ئیهانەکەر لە دنیادا وە هەروەها سزای ئاخیرەت لەوە سەرشۆڕکەرتر و بەعەزاب بە سوێترە ، وە کەسیش نییە ڕزگاریان بکات ،چ لەدنیا وە چ لەقیامەت.

بەڵام ثەموديش ئێمە هیدایەتمان دان ، واتا دینمان بۆ ڕۆشن کردنەوە و تێمان گەیاندن ، وە بانگمان کردن بۆ ئەو ڕێگەیە . هیدایەت دوو بەشە ، هیدایەتی ئاشکرا ئەوەیە دینەکەی تێ ئەگەیەنی و ئەو گوێی پێ نادات ، وە هیدایەتی نهێنی ئەوەیە کە لەدوایەوە بۆی دەرکەوت دەچیتە دڵیەوە و بەقسەی دەکات . ئەو قەومە خواي گەورە هیدایەتی ئاشکرای دان ، بەس هیدایەتی نهێنیان وەرنەگرت و نەیانویست . ئەمە بۆ حاڵی ئێستاش هەمان شتەو دەیبینین . ئەوانیش عەزابێکی ئیهانەکەر و هەورەبروسکەیەک کە خوا بۆی ناردن ، بەهۆی ئەو کوفرو تاوانانەی کە ئەنجامیان دەدا .

باشان خوا دەفەرموێ ئەوانەی ئیماندار بوون لەخواترس بوون ڕزگارمان کردن . ئاگادار بن ئەوەی ئیماندار بێ کێ ڕزگاری دەکات ؟ دائیمەن خوا ڕزگاریان دەکات . بە چی ڕزگارمان دەبێ؟ بەئیمان و تەقوا و عەمەل لەسزای خوا ڕزگارمان دەبێ ، ڕجامان هەبێ بەهەشتمان بەنسیب بێ ، ئەوە خوا پێمان دەدا . ئایەتی ١٩ خواي تەعالا دەفەرموێ لە ڕۆژێکدا کە دوژمنانی خوا حەشر دەکرێن و زیندوو دەکرێنەوەو لە مەیدانی مەحشەر ڕائەگیرێن و دەخرێنە دۆزەخەوە ، فهم یوزعون واتا بەکۆمەڵ هەر هەمویان بەڕێ دەکرێن ، مەلائیکەتەکان ئەوەڵ و ئاخیریان ڕادەگرن و بەیەکەوە دەخرێنە دۆزەخ ، یەعنی پێش و پاش ناخرێن .

جا کاتێ کە دێن بۆ ئاگری دۆزەخ خوا پەنامان بدات ( شهد علیهم سمعهم و ابصارەم و جلودهم بما کانو یعملون) . بێگومان لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی پرسینەوەو حیسابە ئەوان دەڵێن ئێمە شتی وامان نەکردووە و مەلائیکەکان شتی زیادیان لەسەر نوسیوین ، خواي تەعالا دەمیان دادەخات ، ئیمام ئیبن کەثیر دەفەرموێ لەو ڕۆژە بەجۆرێک زمانیان هەڵدەکفێت و گەورە دەبێت ئیتر ناتوانن قسە بکەن ، ئینجا

گوێچکە و چاو پێستەکانیان  شایەدیان لەسەر دەدەنلەسەر ئەوکردارانەی کەکردویانن . ئینجا دوای شایەدی دانەکە ئەوان بە جەستەیان دەڵێن بۆ شایەدیتان لەسەردراین ، خۆ ئێمە لەبەرئێوە وامان کرد تا نەسوتێن و توشی عەزاب نەبنەوە ، ئەوانیش دەڵێن ئەو خوایە بە قسەی هێناین وەک هەموو شتێکی هێناوەتە قسەکردن ، ئێوە نەبوون و هیچ نەبوون خوا ئێوەی دروست کرد و هەربۆلای ئەویش دەگەڕێنەوە . لەبەر ئەوە ئاگادار بن شتێ نەکەن پێی سەرشۆڕ بن و لێتان بپرسرێتەوە .

ئایەتی ٢٢ دەڵێ کاتێ ئێوە تاوانتان ئەنجام دەدا خۆتان لە خەڵک حەشار دەدا بە دار و دیوار تا خەڵک نەتانبینێ ، بەڵام هەستتان نەدەکرد کە دەست و قاچ و گیانی خۆتان شایەدیتان لەسەر دەدەن !، ئەتانتوانی خۆتان لەوان بشارنەوە ؟ یەعنی ئەگەر لە خەڵکی شاردتەوە و گومانت وابوو کە خواي تەعالا ئاگای لەتۆ نییە ، ئەي دەستت لەگەڵت نەبوو ؟ گوێ و چاوت لەگەڵت نەبوو ؟ پێستت لەگەڵت نەبوو ؟ توانیت لەوانی بشاریەوە ؟ نەتتوانی ..

ئەم ئایەتە زۆر ترسناکە ئاگاداربن براو خوشکانم .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴿٣٢﴾﴾ فصلت: ٣٢

جا ئەو بۆچونە خراپەی کە هەتان بوو  و کە ئاگاتان لە خوانەبوو ، یان وا گومانتان دەبرد کە خوا ئاگای لێتان نییە ، ئەوە ئەو گومانە بوو کە تووشی هەلاکەتی کردن ، وە بویة ئێستا ئێوە لە خەسارەتمەندانن .

جا ئەگەر سەبر دەگری لەسەر ئاگر ، ئەوە مەنزڵگای تۆیە . جا کێ سەبری پێ ئەگیرێت ؟ خوا پەنامان بدات . جا ئەگەر سەبر نەگرن و ئیعتیزار بکەن ، یەعنی داوا لەخوا بکەن بیانگەڕێنێتەوە بۆ دنیا تا عەمەلی باش بکەن ، خواي تعالی دەفەرموێ لێیان قبوڵ ناکرێ و هیچ پۆزشێک نایانگەڕێنێتەوە جارێکی تر .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿فَإِن يَصۡبِرُواْ فَٱلنَّارُ مَثۡوًى لَّهُمۡۖ وَإِن يَسۡتَعۡتِبُواْ فَمَا هُم مِّنَ ٱلۡمُعۡتَبِينَ ﴿٢٤﴾ ۞ وَقَيَّضۡنَا لَهُمۡ قُرَنَآءَ
فَزَيَّنُواْ لَهُم مَّا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡ وَحَقَّ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقَوۡلُ فِيٓ أُمَمٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِم مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِۖ
إِنَّهُمۡ كَانُواْ خَٰسِرِينَ ﴿٢٥﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَسۡمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ وَٱلۡغَوۡاْ فِيهِ لَعَلَّكُمۡ تَغۡلِبُونَ ﴿٢٦﴾
فَلَنُذِيقَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَذَابٗا شَدِيدٗا وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَسۡوَأَ ٱلَّذِي كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿٢٧﴾ ذَٰلِكَ جَزَآءُ أَعۡدَآءِ ٱللَّهِ ٱلنَّارُۖ
لَهُمۡ فِيهَا دَارُ ٱلۡخُلۡدِ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ ﴿٢٨﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ رَبَّنَآ أَرِنَا ٱلَّذَيۡنِ أَضَلَّانَا مِنَ
ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ نَجۡعَلۡهُمَا تَحۡتَ أَقۡدَامِنَا لِيَكُونَا مِنَ ٱلۡأَسۡفَلِينَ ﴿٢٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ
ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ بِٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمۡ
تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَشۡتَهِيٓ أَنفُسُكُمۡ
وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴿٣١﴾﴾ فصلت: ٢٤ – ٣١

خواي تەعالا دەفورمویٚ ئامادەمان کردووە ، دامان ناوە بویان ، بۆ موجریمین و کافیرین ، قرناء واتا هاوڕێ ، هاورڕێگا کە سەریان لێ تێک بدەن لە شەیتانەکان و لە ئینسانەکان .

بویان ئەڕازێننەوە ،چ سەرلێشێواوی لە دنیادا چ سەرلێشێواوی لە بڕوا بوون بە عەقیدە لە بواری ئاخیرەتدا ، واتا لە دنیادا شەهەوات و شوبوهاتیان بۆ دەڕازێننەوە ، وەتووشی گوناە و دەرچوون لە فەرمایشتی خوایان دەکەن وە لەبارەی ئاخیرەتیشەوە ئیمانیان پێ ناهێڵن ، وایان لێ دەکەن شک و گومان لە ئاخیرەت بکەن و کافر ببن پێی . و حق علیهم القول ئا بەو شێوەیە کەلیمەی عەزاب لەسەر ئەوان دەبێتە ڕاستی ، وەخواي گەورە عەزابیان دەداو ئەیانباتە دۆزەخ لەگەڵ کۆمەڵانی ئەو کەسانەی لەپێش ئەواندا لە جن و لە ئینس کە بێ بڕوابوون . ( انهم کانوا خاسرین ) بەڕاستی ئەوانە ئاسودەیی دنیاو ئاخیرەتیان لە خۆیان تێکدا و دۆڕان و خواي تەعالا توشی عەزابی هەتاهەتاییان دەکات .

(وقال الذين كفروا لا تسمعوا لهذا القران والغو فيه) ، کافرەکان لە زەمانی پێغەمبەر عليه الصلاة والسلام وە پێشترو ئێستاش بەرامبەر قورئانی پیرۆز

مەوقیفی خراپیان هەیە کە ناهێڵن خەڵک گوێی لێ بگرێ ، بە هەموو وەسیلەیەک ئەبنە ڕێگر لەبیستنی قورئان و لە کارکردن بە قورئان ، لەوەی کە ئینسان بیروبڕوای وەکو قورئان بێ ، وە لەسەر فەرمایشتی قورئان بڕوا بویة کاتێ کە پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام قورئانی ئەخوێند ئەوان ئەیانکرد بە گاڵەگاڵ و هۆسەو هاوار ئەیانوت بۆ ئەوەی کەس گوێی لێ نەبێ ، بۆئەوەی فەرمایشتەکانی قورئان گوێبیست نەبن و خەڵک لەسەر ئەساسی دین جیا نەبنەوە . بەڵکو لەسەر ئەساسی قەومایەتی ! بیرو ڕێبازی جیا ! لیبڕالی و دیموکراسی ! فەقیری و دەوڵەمەندی ! چینایەتی ...

ئەیانەوێ خەڵک لەسەر ئەو ئەساسە جیاببنەوە بەڵام لەسەر ئەساسی دین خەڵک جیا نەکرێتەوە ،بویة دەیانوت گوێی لێ مەگرن و بیکەن بە دەنگە دەنگ و هۆسە ، بەڵکو زاڵ ببن بەسەر پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام و موسوڵمانانندا .

ناهێڵن موسوڵمانان بە هیچ شێوەیەک دینەکەیان بەرن بەڕێوە لەسەر ئەساسی قورئان ، ئەمە نەریتیانە هەتا ڕۆژی قیامەت ، بویة دەبێ موسوڵمان زۆر بە عیززەتەوە قورئان بخوێنێ و ئیشی پێ بکات و بەرگری لێ بکات و بڵاوی بکاتەوە، وەشەرم نەکات لە هیچ جۆرە کەسێک ، بەهەر ناوێک یان هەر بناغەیەک بێنە بەرامبەری ،چونکە بناغەکانی ئەوان هەمموی بەتاڵە .

خواي تەعالا دەفەرموێ جا ئەوکافرانە سزای زۆر زۆر توند و بەئازاریان پێ دەچێژین دەرەنجامی ئەو کارەیان . ڕەنگە بڵێی ئەمرو ئەوان دەسەڵاتیان هەیە و عەزابمان دەدەن ، بەڵام باسەیر بکەین بزانین عەزابی کێ بەقووەتترە ؟؟ ئایا عەزابی خوا بەقووەتترە بۆ ئەوان یان عەزابی ئەوان بۆ موسوڵمانان ؟؟

بیکومان عەزابی خوا بەقووەتترو بە سوێترە ، وە سەرەڕای ئەوە ئەم عەزابە هەتا هەتاییە . بەڵام عەزابی موسوڵمانان تەنها دونیایە و لە ئاخیرەت ئەمن و ئەمان و ئەوپەڕی خۆشی و بەختەوەری و سەرفرازی و سەربڵندیە .

بویة موسوڵمان دەبێ ئازابێ لە هەڵگرتنی دینەکەیدا ، بەجەرگ و چاونەترس و بۆخواسوڵحاو بێ .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ذَٰلِكَ جَزَآءُ أَعۡدَآءِ ٱللَّهِ ٱلنَّارُۖ لَهُمۡ فِيهَا دَارُ ٱلۡخُلۡدِ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ ٢٨﴾

فصلت: ٢٨

ئەوان دوژمنانی خوا عەزابەکەیان ئاگرە ، ئاگریش گەورەترین عەزابە ، چونکە هیچ عەزابێک ئەوەندەی ئاگر سوێ ناباتە دڵی ئینسانەوە . ئینجا بە هەتاهەتایی تیایدا ئەژین و ئاگریان لێ کەم ناکرێتەوە ، ئەوە لە تۆڵەی ئەوەی ئینکاری ئایەت و فەرمایشت و بەڵگەی ئێمە دەکەن و بەدرۆی دەخەنەوەو بە ڕاستی نازانن و وەری ناگرن .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ رَبَّنَآ أَرِنَا ٱلَّذَيۡنِ أَضَلَّانَا مِنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ نَجۡعَلۡهُمَا تَحۡتَ أَقۡدَامِنَا لِيَكُونَا مِنَ ٱلۡأَسۡفَلِينَ ٢٩﴾ فصلت: ٢٩

ئینجا کافرەکان لە جەهەننەمدا چی دەکەن ؟ تەبەڕاء دەکەن ، خۆیان بەری دەکەن لەوانەی کە گومڕایان کردوون لە دنیادا لە جن و لە ئینس ، دەڵێن خوایە پیشانمان بدە ئەوانەی ئیمەیان گومڕا کرد لە جن و لە ئینس . تەبعەن لەسەرووی هەموویانەوە کێ تاوانبارە ؟ شەیتان ، وە لەمرۆڤەکان کێ یەکەمجار تاوانی داهێنا ؟

قابیلی کوڕی ئادەم کاتێ برای خۆی کوشت ، جا ئەو ڕۆژە دەڵێن خوایە شەیتان و قابیلمان بۆ بێنە با بیخەینە ژێر قاچمانەوە ، ئەمە قسەی ئەهلی تەفسیرە .

وە بە گشتی دەوترێ هەر جن و ئینسێک توشی گومڕایی کردووە ، ئەو کەسە داوا لەخوا دەکات بیهێنێ و بیخاتە ژێر قاچەکانی ، بۆ ئەوەی بچنە خوار خواری ئاگری دۆزەخەوە .

بوية بەوکەسانەی کە لەسەر کوفر دەڕۆن دەڵێین پێش ئەوەی بەو حاڵە بگەن و ئەو کاتە بپاڕێنەوە وەرن ئێستا واز لەشرک بێنن و تەبەڕا لە ئەهلی شرک و کافیرین بکەن و ئیمان بهێنن ، چونکە ئەوکاتە دادت نادات . وەک پێغەمبەر علیەالصلاة والسلام لە حەجیماڵئاوایی فەرمووی هەرشتێک لە ئوموری جاهیلیەت ئاوەتا لە ژێر قاچەکانمدایە .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحْزَنُواْ وَأَبْشِرُواْ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ فصلت: ٣٠

خوا دەفەرموێ ئەوانەی کە دەڵێن پەروەردگارمان اللـــه یە ، دروستکەرو پەرستراومان اللـــه یە و دوایی ڕێباز و شەرعی خوایان گرتە بەر و بەگوێیان کرد و لایان نەدا ، ڕێگەی ڕاستیان گرت ، وە بەردەوام بوو تا گەیشتە یەقین ، واتا تا ژیانی بەکۆتا هات ، لەکاتێکدا کە دەمرێ و لەکاتێ کە لە قەبردایە و کاتێک داهاتوودا بەرەو بەهەشتی خوا دەڕۆی ، بەرەو لێخۆشبوون و ڕەزامەندی خوا دەڕۆی . بەڵام بە مەرجێک تۆ لەسەر دینی خوا ڕۆیشتبی .

و لا تحزنوا ، وە لە ڕابردووش خەم و پەژارەتان نەبێ ، خەمی ماڵ و منداڵتان نەبێ ، ئەوەی بەجێتان هێشتووە بیری لێ مەکەنەوە و خەمی بۆ مەخۆن ، ئێمە بۆخۆمان دەیانپارێزین و لەگەڵیاندایین ، لەوەش زیاتر ئەوە بەهەشت لەبەردەمتاندایە ، ئەو بەهەشتەی کە وەعدتان پێ درابوو . لە دنیا ئەگەر ئێوە لەسەر تەوحید و تاعەت برۆن ئەوە بەهەشتتان دەدرێتی .

مەلائیکەکان دەفەرموون ئێمە دۆستی ئێوە بووین لە دنیاو ئێستاش هەر دۆستی ئێوەین ، هەرچی ئارەزوو دەکەن لەبەهەشتدا بۆ ئێوەیە . هەرچیتان حەز لێیە و هەرچی داوا بکەن دەتاندرێتێ .

(نُزُلًا مِنْ غَفُورٍ رَحِيمٍ (32)ئەمە میوانداریە لەلایەن خوایەکی لێخۆشبوو و بەڕەحم بەرامبەر ئیمانداران ، بڕۆن بەرەو بینینی خوا و بەهەشتەکەی .

بوية عیبادەتی خۆت پوختە بکە بۆ خوا ، تۆ نابێ نوێژ بکەی و دیموکراتی بی ، نابێ نوێژ بکەی و عەلمانی و قەوم پەرست بی بەڵکو ئیسلام بن بە خاوێنی ، ئینجا بترسە و ئومێدیشت هەبێ بەخوا ، وە خوا غەفورو ڕەحیمە .

قَالَ تَعَالَى: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾ وَلَا
تَسْتَوِي ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ
حَمِيمٌ ﴿٣٤﴾ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٣٥﴾ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ
ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٦﴾ وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ
وَٱلْقَمَرُ لَا تَسْجُدُواْ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُواْ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ
تَعْبُدُونَ ﴿٣٧﴾ فَإِنِ ٱسْتَكْبَرُواْ فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمْ لَا
يَسْـَٔمُونَ ۩ ﴿٣٨﴾ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ إِنَّ ٱلَّذِيٓ أَحْيَاهَا
لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾﴾ فصلت: ٣٣ - ٣٩

خواي تەعالا دەفەرموێ کێ قەولی لەوکەسە باشترێکە کەوا بانگەواز دەکات بۆ یەکخواپەرستی ، بانگەواز دەکات بۆئەوەی کەوا تەنها خوا بپەرسترێت .( دعا الى الله ) واتا خەڵکینە فەرمانەکانی الله تعالى جێ بەجێ بکەن ، تەنها اللـــه بەخواي خۆتان بزانن ، هەرکەسێ جا زیندوو بێ یان مردوو ،هەرشتێک ڕۆحدار بێ یان بێ ڕۆح نابێ لەغەیری خوا بپەرسترێ و قیمەتی پەرستنی بۆ دابنرێت،چونکە هەر هەموو ئەوانە بریتین لە عەبد بۆ خواي تەعالا . غەیری خوا هەمموی مەخلوقە ، بویة خواي خالق دەبێ بپەرسترێ . واتا ئێمە بەخەڵک دەڵێین هەرکەسێ خۆی لەو ئاستەدا دادەنێ کەوا گوێڕایەڵی بکرێ لە غەیری خوا باسەیر بکرێ و بزانین چی دروست کردووە !. وەکو خواي تەعالا دەفەرموێ دەبا مێشێک دروست بکەن ، بەڵام ناتوانن یەک زەڕڕە لەم کەونە دروست بکەن ،کەواتە خالق شایەنی پەرستنە . بویة باشترین کەس وەباشرترین وتە ،وتەی ئەوکەسەیە کە دەڵێ تەنها خوا بۆەرستن . سەیردەکەین زۆربەی زۆری بانگەوازەکانی سەرزەمینی ئەمرو بۆ غەیری خوا پەرستنە .

وەکو خوا دەفەرموێ زۆربەی زۆری خەڵک موشریکە ،زۆربەی زۆری خەڵک کافرە و لەحەق لایداوە .

(وعمل صالحا)

واتا خۆشی ئیشی باش بکات و عەمەل بە قسەکانی بکات ، وە خۆی ئاشکرا دەکات و دەڵێ من موسوڵمانم ، من تەسلیم بووم بەبەرنامەو دینی خوا ، بەریم لە کافر و موشریکین .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلَا تَسْتَوِي ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ۚ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِىٌّ حَمِيمٌ ﴿٣٤﴾﴾ فصلت: ٣٤

لەم ئایەتەدا باسی چاکە و خراپە کراوە ، جا تۆ بە گشتی وەری بگرە ، یەکەم چاکە ئیمانە ، وە یەکەم خراپە کوفرە .

کوفرو ئیمان دەبێ بەیەک ؟ نابێ ..

چاکە کردن لەگەڵ خەڵکی و خراپەکردن دەبێ بەیەک ؟ نابێ ..

ئەم ئایەتە یەعنی ئیمان و کوفر وەک یەک نییە ، موسوڵمان و کافر وەک یەک نییە ، یەعنی خوا تەعالا لە ڕۆژی قیامەت مەحکەمەی هەیە ، ئیمان و ئیمانداران سەردەخات وە کوفر و کافیرین ژێردەخات . چاکەکاران سەردەخات و خراپەکاران عەزاب دەدات باشان دەفەرموێ ( ادفع بالتی هی احسن )..

واتا تۆ کاتێ خراپەت لەگەڵ دەکرێ بەخراپە جواب مەدەرەوە ، بەڵکو بەباشە جواب بدەرەوە، کەسێ هات خراپەکاریت لەگەڵدا بکات ، تۆ زیرەک بە مەچۆ دژایەتیەکە ئەوەندە قوڵ بکەیەوە ، بە خراپە لەگەڵی بڕۆی ، بەڵکو نا ، چاکەی لەگەڵدا بکە .

چاکە یەعنی چی ؟ یەعنی لێبوردن ، باشان موقابەلەی مەکەوە بەو ئەتوارە ناشرینەی کەوا ئەو بەرامبەر بەتۆ کردویەتی . جا ئەگەر تۆ ئاوها بووی ، تەنانەت ئەگەر یارمەتیشت دا ، ئەوە ئەو کەسە دەبینیتەوە دەبێتە دۆستێکی زۆر گەرم و گوڕ و دۆستی گیانی بەگیانی بۆتۆ .

چونکە تەبیعەتی ئینسان وایە ، تەبعەن ئەم سیفەتە بۆ ئینسانەکان وایە ، شەیتانەکان وانین . !

خوای تەعالا باسی شەیتانمان بۆ دەکات ، شەیتان قەت بۆ چاکە کردن وەڵام ناداتەوە ، وە لەگەڵتان نایەت .

بویة یەزیدیەکان زۆر بێعەقڵن شەیتان دەپەرستن . چونکە چاکە لەگەڵ شەیتان ناکرێ ، شەیتان یەک شتی لەگەڵ دەکرێ ، ئەویش پەنا گرتنە بەخوا لێی ( اعوذ بالله من الشیطان الرجیم ) تەنها ئەوەندە ، چونکە شەیتان هەرچی لەگەڵ بکرێ زل دەبێ ، بەڵام کە پەنات بەخوا گرت بچوک دەبێتەوە .

جا ئینسانەکان بە چاکەکردن دڵیان نەرم دەبێت. هەتا بەشێک لە زەکات دانراوە بۆ کافیرین ، بۆ؟ چونکە ئەو چاکەیە گاریگەری لەسەر دڵیان دادەنێ ، بەڵام ئەوچاکانە کاریگەری ناخاتە سەر شەیتان بویة لە شەیتان بێ هیوابە .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٣٥﴾﴾ فصلت: ٣٥

خوا دەفەرموێ سەرکەوتوو نابێ ئەم ئەخلاقە جوانە ، ئیلا بۆ کەسێک نەبێ کە سەبری هەبێ . ئایا ئینسانی زوو توڕە بوو ئەم ئەخلاقە جوانەی تێدا دیتە دی ؟ نەخێر .. بویة دەبێ سەبرت هەبێ لەبەرامبەر خراپەی خراپەکاران . وە سەرکەوتوو نابێ بۆ ئەم ڕەوشتە جوانە ئیلا ئەوە نەبێ کە خاوەنی پشکێکی گەورەیە لە سەعادەت و بەختەوەری دنیا و قیامەت .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٦﴾﴾ فصلت: ٣٦

بزانە ئێستا خوا باسی چی دەکات ؟ باسی شەیتان دەکات ، دەفەرموێ ئەگەر وەسوەسەی شەیتانت بۆ هات ، وەسوەسە یەعنی چی ، یەعنی کاتێ تۆ کەسێک خراپەیەکت لەگەڵدا دەکات شەیتان دێ دەڵێ سەد خراپەی لەگەڵدا بکەوە ، جنێوێکت پێ بدرێ ، شەیتان دەڵێ سەد جنێوی پێ بدەرەوە .

هانت دەدات ! فوت تێ دەکات ! گەورەت دەکات ! ئەوە ئەخاتە دڵتەوە کە چۆن ڕادەوەستی بەرامبەر بەوە ؟ تۆ ترسنۆکی ! تۆ وای .. تۆ وای .. . ئەمانەت ئەخاتە دڵەوە ، ئاگاداربن زۆربەی خەڵکی تووشی ئەم حاڵەتە ئەبن یان نا ؟ توش دەبن ، جا ئەوە وەسوەسەیە . بویة خوا دەفەرموێ هەرکاتێ وەسەوەسەی شەیتانت بۆ هات پەنا بگرە بەخوای تەعالا ، بویة پێغەمبەر علیەالصلاة والسلام لە دوعای کردنەوەی نوێژ دا دەیفەرموو ( اعوذ بالله السمیع العلیم من الشیطان الرجیم من همزە و نفخە و نفثە ) واتا پەنا بەو خوایەی کە بیسەرەو هەموو شتێک ئەبیستێ وە زۆر شارەزایە

له شەیتانی دورخراوه له ڕەحمی خوا   له شێتی شەیتان و تەکەبورو قسەی خراپی شەیتان .

بەڕاستی خواي گەوره ئەبینێت و زۆر شارەزایه . هەموو قسەیەک دەبیستێ ، وه شارەزاشه به هەموو دڵێک ، هەموو گوفتارو ئاکارو ڕەوشتێک بوية تۆ چەندێک سەبرت گرتبێ ئەوەنده پاداشتت زۆرتر دەدرێتەوەو حیسابت لەگەڵ ناکرێ .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَمِنۡ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيۡلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُۚ لَا تَسۡجُدُواْ لِلشَّمۡسِ وَلَا لِلۡقَمَرِ وَٱسۡجُدُواْۤ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ ﴿٣٧﴾﴾ فصلت: ٣٧

خواي گەوره دەفەرموێ له بەڵگەکانی قودرەتی خواي تەعالا شەو و ڕۆژه . سەیر بکه سەرەتا دەفەرموێ اليل واتا شەو ئینجا النهار ، ژماردنی کات له دینی ئیسلامدا له پێشەوه به شەو دەست پێدەکات . ئەڵێین شەو ئینجا رۆژ . بۆ نمونه ئەم شەو شەوی شەممەیه ، بۆ بەیانیەکەی ئینجا دەبێته ڕۆژی شەممە . بەس ئەمه لای خەڵک وانییه دەڵێن شەوی جومعەیه بەڵام بۆ بەیانیەکەی دەبیت بەشەممه ، یەعنی بەکاتی ئەوان ڕۆژ له پێش شەوه ، ئەمه بەرنامەو کاتی کافرانه ، بەڵام لای موسوڵمان نابێ وابێ .

خوا دەفەرموێ شەو وڕۆژ بەڵگەی زۆر گەورەن ، ئەگەر شەو و ڕۆژ نەبێ خەڵک سەری لێ دەشێوێ یان نا ؟ بەڵێ

ئەگەر دنیا هەموی شەو بێ خەڵک نەیدەزانی کەی ئیش بکات کەی سەردانی خەڵک بکات و کەی بخەوێ ، یان ئێستا کاتی ئیسراحەتی یەکێکه و کاتی ئیش و سەردانی یەکێکی تر . یاخود ئەگەر هەمووی ڕۆژ بێ هەر به هەمان شێوه تێک دەچوو و ژیان نەدەکرا . شەو وڕۆژ ئیستیفادەی زۆریان هەیه وەک له ژماردنی مانگەکان و شەو رۆژ و کات ، بەهۆی خۆرەوه خواي گەوره بۆمان جیا دەکاتەوه .

جا رۆژ و شەو و خۆر و مانگ چەنێ گەورەو بەسود بن نابێ ئەوانه بپەرسترێن چونکه مەخلوقن ، دەبێ خالقەکەیان بپەرسترێ ، ( ان كنتم اياه تعبدون  ) ئەگەر

ئێوه عیبادەت دەکەن ، خوای ئەوان و دروستکاری ئەوان ((ڕۆژ و شەو و خۆرومانگ ) بپەرستن .

جا ئەگەر خۆیان بەگەورە زانی و وتیان نەخێر هەر غەیری خوا دەپەرستین ، یان خوا و غەیری خوا دەپەرستین ، یان بەقسەی خوا و غەیری خواش دەکەین ، یان هەر غەیری خوا دەپەرستین و خوا ناپەرستین ئەگەر وایان وت ، ئەوا بزانە ئەومەلائیکانەی لەلای خوان بە شەوو و بە ڕۆژ تەسبیحاتی خوا دەکەن و ، یەعنی دەڵێن خوا خاوێنە لە شەریک ، لە عەیب ، لە زوڵم ،خوا گەورەمانە ، خوا پەرستراوی ڕاستەقینەمانە ، وە قەتیش بێزار نابن .

واتا خوا بە عەبدەکانی دەڵێ ئەگەر تۆ عیبادەت بۆ خوا ناکەی خوا دەوڵەمەندە پێویستی بە عیبادەتی تۆ نییە ، ئەو مەلائیکانەی خوا کە ژمارەیان زۆور زۆور لە ئێوه زۆرترێکە هەر هەمووی بەردەوام عیبادەت و تەسبیحاتی خوا دەکەن ، کە خوا پێویستی بەوانیش نییە.

.

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ ۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾﴾ فصلت: ٣٩

وه هەروەها لە ئایەت و بەڵگەکانی خوا ئەوەیە کە دەبینی ئەم زەویە ( خاشعه )

واتا مردووی بێ گیانە خاشع: واتا وشک و مردوو و بێجوڵە ،

جا ئەم زەویە وشکە کە بارانمان بەسەردا باراند چی لێ دێت ؟ (اهتزت) واتا توشی لەرینەوە دەبێت ، (وربت ) واتا خوای تەعالا پڕی دەکات لە بەروبوم و باخ و بێستان . ئەو خوایەی کە توانی زەوی مردوو زیندوو بکاتەوە و بەروبومی لێ دەربهێنێ ئەتوانێ تۆیەکیش کە مردی زیندوت بکاتەوە، وە خوای بەرزو بڵند دەسەڵاتی بەسەر هەموشتێکدا هەیە.

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا لَا يَخۡفَوۡنَ عَلَيۡنَآۗ أَفَمَن يُلۡقَىٰ فِي ٱلنَّارِ خَيۡرٌ أَم مَّن يَأۡتِيٓ ءَامِنٗا يَوۡمَ
ٱلۡقِيَٰمَةِۚ ٱعۡمَلُواْ مَا شِئۡتُمۡ إِنَّهُۥ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ٤٠ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِٱلذِّكۡرِ لَمَّا جَآءَهُمۡۖ وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٞ ٤١ لَّا
يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ خَلۡفِهِۦۖ تَنزِيلٞ مِّنۡ حَكِيمٍ حَمِيدٖ ٤٢ مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدۡ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن
قَبۡلِكَۚ إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغۡفِرَةٖ وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٖ ٤٣ وَلَوۡ جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَانًا أَعۡجَمِيّٗا لَّقَالُواْ لَوۡلَا فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥٓۖ
ءَا۬عۡجَمِيّٞ وَعَرَبِيّٞۗ قُلۡ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ هُدٗى وَشِفَآءٞۚ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ فِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَقۡرٞ وَهُوَ عَلَيۡهِمۡ
عَمًىۚ أُوْلَٰٓئِكَ يُنَادَوۡنَ مِن مَّكَانِۭ بَعِيدٖ ٤٤ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ فَٱخۡتُلِفَ فِيهِۗ وَلَوۡلَا كَلِمَةٞ
سَبَقَتۡ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيۡنَهُمۡۚ وَإِنَّهُمۡ لَفِي شَكّٖ مِّنۡهُ مُرِيبٖ ٤٥ ﴾ فصلت: ٤٠ - ٤٥

خوا دەفەرمویٚ ئەوانەی کەوا تانەو تەشەر لە ئایەتەکانی ئێمە دەدەن ، بەدرۆی دەخەنەوەو ئینکاری دەکەن ، ئەوانەی کەوا واتاکانی دەگۆڕن ، الحاد بەواتای تانەو درۆخستنەوە ئینکاری و کافر بوون و گۆڕانکاری دێ . ئەو مانایەی کە خواي تەعالا مەبەستییەتی ئەوان دێن ئەو واتایە دەگۆڕن ، جا دەفەرمویٚ ئەو کەسانەی ئاوهان ، کە تانە لە ئایەتەکانی ئێمە دەدەن ،( لا يخفون علينا ) لە ئێمە شاراوە نین ، ئەوانە لە ئێمە بزر نین . ئەبێ عیقابی خۆیان وەربگرن . ئەوانە ئەبي سزاو تۆڵەیەکی زۆر زۆر بە جەزرەبەو قورس وەربگرن .

دوای ئەوەی خوا باسی ئەوانەی کرد کە مولحیدن ، جا خوا ئەپرسێ ئایا مولحید باشە ؟ ئایا کافر باشە ؟ کە مولحید و کافر لە ئاگردان ! ئایا ئەوە باشە یان کەسێک ئیمانی بە دینەکەی ئێمە هەبێ و و بڕوادار بێ و ڕۆژی قیامەت بەحاڵێکەوە بیت کە زۆر ئەمین بێت لە عەزابی خواي تەعالا .

لە ڕۆژی قیامەت خەڵکان دوو بەشن ، بەشێک لەو خەڵکانە زۆر زۆر هێمن و لەسەرخۆو بە ئەوپەڕی ئەمانەوە خواي تەعالا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات .وە بەشێکیشیان لە حاڵێکی زۆر شپرزەو ناخۆشی دان . ئەوانەی کەوا بڕوا دەهێنن بە دینەکەی خوا ، خواي تەعالا ئاوەها دەیانپارێزێ .

(اعملوا ما شئتم ) يەعنی چی ؟ سەیری ئەم ئایەتە بکەن ، خوا دەفەرموێ بیکەن ئەوەی ئەتانەوێ . بەڵام مەبەست لەو ئایەتە هەڕەشەیە ، بەو مانایە نایەت کە کە ئێستا عەلمانی و ئیسلامی ڕاڤەی بۆدەکەن و دەڵێن کەیفی خۆتانە کاکە ، چی ئەکەن بیکەن . بەڵکو ئەم ئایەتە هەڕەشەیە ، ئەفەرموێ لەناوپاش چی ئەکەی بیکە ! ئەتبي سزای خۆت وەربگری ئەگەر وەک ئەوە نەکەی کە خوا پێت دەڵێت .

(انه بما تعملون بصير) وە خوا بینایە بەوەی ئێوە ئەنجامی دەدەن ، بینایە بەو کارانەی ئێوە ئەنجامی دەدەن دژی خوا و پێغەمبەرەکەی علیەالصلاة والسلام .

وە هەروەها بینایە بەو کەسەی کە چاکە دەکات و بەهەشت و ژیانی سەرفرازی هەتا هەتایی بۆ بەرهەم دەهێنێ . کەواتە

(اعملوا ما شئتم ) بەمانای ئازادی بیرو ڕا نایەت ، لە ئیسلامدا ئازادی بیرو ڕا نییە . ئەگەر ئازادی بیرو ڕا هەبوایە خوا بە پێغەمبەری نە ئەفورموو ( و قاتلوهم حتی لا تكون فتنه ) یان ( یا ایها النبي جاهد الكفار والمنافقین واغلظ علیهم ). یان خواي تەعالا ئایەتی قیتالی نەدەهێنا . پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم خۆی دەفەرموێ فەرمانم پێکراوە بە کوشتنی خەڵکی هەتا ئەوکاتەی شاهێدی دەدەن کە هیچ خوایەک نییە بەحەق جگە لە الله وە من پێغەمبەری خوا وە نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن . ، جا ئەگەر ئازادی بیرو ڕا هەبێ ، ئەي اقاتل الناس یەعنی چی ؟ . بەڵێ پێویستە ئیسلام کەسانێکی دڵسۆزی هەبن ، هەرکەسێ بەرامبەر دینەکەی خوا بوەستێ بدەن لە ملی ، تەنها ئەوانە نەبێ کە خوا پەنای داون ئەوانیش بریتین لە ( یەهود و نەصارا و مەجوس )، ئەوانیش ئەگەر جزیەیان دا ، ئەگەرنا هەمان حوکمی کافریان هەیە . ئەوەش ئازادی بیرو ڕا نییە ، خواي تەعالا وای پێ وتوین کە ئەگەر بە زەلیلی جزیەیان دا بە دەوڵەتی ئیسلام ئەوە بهێڵن لەسەر دینی خۆیان بمێننەوە . وە بۆشیان نییە بێنە دەوڵەتی ئیسلام و سنورەکانی خوا بشکێنن .

بەداخەوە ئەمرو کابرای ئیسلامی دێ دەڵێ من کێشەم نییە لەگەڵ یەهود و نەصارا، چۆن کێشەت نییە بەخواکەت دەڵێ خوا کوڕی هەیە ؟ چۆن کێشەت نییە تۆ دەڵێی قل هو الله احد ئەو دەڵێ نا خوا درۆ دەکات خوا احد نییە، خوا سیانە. چۆن کێشەت نییە خوا دەفەرموێ عیسا لەخاچ نەدراوە ئەو دەڵێ نا وانییە لەخاچ دراوە چۆن کێشەت نییە . کەواتە تۆ هەتا بڵێی جاهیل و نەزان و نەفامی بەدینەکەت و لێی حاڵی نەبووی

. وه ئەم حوکمانەش کە باسمان کرد تەنها لەکاتێک دەبێ کە دەوڵەتی ئیسلامی هەبێ . واتا کە موسوڵمانان دەوڵەتیان هەیە.

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِٱلذِّكۡرِ لَمَّا جَآءَهُمۡۖ وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٌ ﴿٤١﴾ ﴾ فصلت: ٤١

سەیری ئەو ئایەتە بکەن مبتدا هاتووە بەڵام کوا خەبەرەکەی ؟ خەبەرەکەی نەهاتووە .

ئەم ئایەتە دەفەرموێ ئەوکەسانەی کە کافر بوون بە قورئان ! ئەم کتێبە زاڵە بەسەر شتێکدا .

ئەم ئایەتە هەڕەشەیەکی زۆر توند و بەسوێی تێدایە . نمونەیەک بۆتێگەیشتن لەو ئایەتە . لەقسەکردنی ڕۆژانە بۆ نمونە کاتێ تۆ بەکەسێ دەڵێی هەر کەسێ ئەو ئیشە بکا ، ئینجا دوای ئەوە بێدەنگ بیت ، ئەوە یەعنی چی ، یەعنی بەس خۆم ئەزانم چۆن سزای دەدەم .

ئەم ئایەتەش ئاوهایە ، عولەما دەفەرموون ئەگەر خوای گەورە لەوە بێدەنگ بووە ئەوە مانای وایە عەزابەکەی ئەبلەغترێکە لەوەی کە لەئایەتەکانی تر باسی عەزاب دەکات . ئازارەکەی بەسوێتر و بەئازارترە ، خوا پەنامان بدات .

(وانە لکتاب عزیز ) واتا ئەم کتێبە زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا ، کەس ناتوانێ ئەم قورئانە ببەزێنێ ، نە قووەتی حوججەی خۆی کەس نەیتوانیوە بەهیچ شێوەیەک ئەم قورئانە بە درۆ بخاتەوە . بەڕاستی ئەو قورئانە شکۆدارە ، وە ئەوەی غەیری قورئان هەڵبژێرێ ئەوە بەڕاستی خۆی بێعەقڵ کردووو . وەک خوا دەفەرموێ (ومن یرغب عن ملة ابراهیم الا من سفه نفسه ).

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ لَّا يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ خَلۡفِهِۦۖ تَنزِيلٌ مِّنۡ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾ ﴾ فصلت: ٤٢

ئاگاداربن کەلیمەی باتڵ لیرەدا بەمانای بەتاڵ نایەت بەڵکو بەمانای تەکزیب و بە درۆخستنەوە دێت . واتا لە کتێبەکانی پێشوو وە نەلەداهاتوشدا هیچ کتێبێک نییە بتوانێ ئەم قورئانە بەرۆ بخاتەوە ، هۆکارەکەشی ئەوەیە لەلایەن خوایەکەوە هاتووە کە حکیم و حەمیدە . واتا هەموو کار و هەموو وتەکانی لەجێی خۆیەتی (ئەگەر گومانت لەوەبێ کە وتەکانی خوا لەجێی خۆی نییە یان بڵێی ئەو حوکمە بۆ ئیستا

نابێ ، ئەوە کافری جا وریابە ) دوایش خوا حەمیدە ، واتا خوا سوپاسبۆکراوە ، واتا کارەکانی تۆ ئەي خوایە هەموی شایستەی ئەوەیە سوپاسی بۆ بکەین .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ ﴿٤٣﴾﴾

فصلت: ٤٣

لیرەدا خواي تەعالا دڵنەوایی پێغەمبەر دەکات علیه الصلاة والسلام دەفەرموێ ڕاستە بە تۆ دەڵێن درۆزن ، شێت ، ساحر ... هتد ، بزانە ئەوەی کە بەتۆ وتراوە ئیلا بە پێغەمبەرانی پێش تۆش وتراوو ،خەم مەخۆ . ئەمە دڵنەوایی خوایە بۆ پێغەمبەر علیهالصلاة والسلام وە ئەوەیشی لەسەر ئەو ڕێبازە دەڕوات . جا بزانە پەروەردگاری تۆ خاوەنی لێخۆشبوونە بۆ ئەو کەسەی کە بگەڕێتەوە بۆلای خوا .تەنانەت ئەگەر شەرت کردبێ لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بەڵام دوایی تەوبە بکەی و بگەڕێیەوە لای خوا ، ئەوە خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە ، بویة بگەڕێنەوە بۆلای خوا و نائومێد مەبن .

بەڵام ئەگەر نەگەڕێیتەوە ئەوا خوا خاوەنی عیقاب و تۆڵەسەندنێکی زۆر بە سوێ بە ئازارە .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلَوْ جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا لَوْلَا فُصِّلَتْ آيَاتُهُ ۖ أَأَعْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ ۗ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدًى وَشِفَاءٌ ۖ وَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِي آذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى ۚ أُولَٰئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍ بَعِيدٍ ﴿٤٤﴾﴾ فصلت: ٤٤

سەیری ئەم ئایەتە بکەن ، قورئان چۆن هاتووە ؟ بە عەرەبی هاتووە . کافیرین چیان وت ؟ وتیان ئەمە شعرە ، جادووە ، وتیان ئەمە فێرکراوە . جا خوا دەفەرموێ ئەگەر قورئانمان بە ئەعجەمەمی بناردایە دەیانوت ئەگەر ئایەتەکانی ڕوون و ئاشکرا بووایە ئەوا تێی دەگەیشتین . واتا ئێمە لە ئەعجەمی تێناگەین . با عەرەبی بوایە بەشکم تێی بگەین .

واتا ئەوەندە ئینکارن بە عەرەبی بویان دەنێری بە درۆی دەخەنەوە ، بە عەجەمی دەینیری دەڵێن تێی ناگەین .

ﷺ ئەگەر قورئانەکە بە ئەعجەمی بهاتایە دەیانوت پێغەمبەرێکی عەرەب و قورئانێکی ئەعجەمی!! شتی وا چۆن دەبێ ؟؟

ئەي پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تۆ بڵێ ئەم قورئانە بۆ ئەوکەسانەی کە بڕوایان پێ هێناوە هیدایەتدەرەو شیفایە ، واتا هەر کەس شوێنی ئەم قورئانە نەکەوێ ئەوە لە گومڕایی دادەژی .

خوا دەفەرموێ ئەوانە ئیمان ناهێنن لە گوێیان گرانی هەیە بەرامبەر حەق ، نابیستن ، وە بۆ قورئان چاوی دڵیان کوێرە و نابینێ ، وێنەی ئەوانە وەک کەسێ وایە کە بانگ بکرێ لە شوێنێکی دوورەوە و ئەویش نەیبیستێ .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَٱخْتُلِفَ فِيهِ ۗ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴿٤٥﴾﴾ فصلت: ٤٥

خوا دەفەرموێ بە پێغەمبەرﷺ ، ئاگادار بە ئێمە کیتابمان بۆ موسا نارد ، قەومەکەی بوون بە دوو بەشەوە ، بەشێک بڕوایان هێناو بەشێکی تر گومڕابوون .جا ئەوانەی کەوا گومڕابوون ، ئەگەر ئەوە نەبا کە خواي تەعالا بۆی هەڵگرتوون لە قیامەت عەزابیان بدات ، ئەوا ئێستا هەموویانی لەناودەبرد لە دنیادا ، واتا ئەگەر قیامەت نەبوایە کەس نەدەما لە دنیادا دژایەتی پەیامی خوا بکات ،ئیلا خوا لەناوی دەبردن . وە ئەو کەسانە شک و گومان وای لێ کردوون بچنە گومانەوە.

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۗ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٤٦﴾ ۞ إِلَيْهِ يُرَدُّ عِلْمُ
ٱلسَّاعَةِ ۚ وَمَا تَخْرُجُ مِن ثَمَرَٰتٍ مِّنْ أَكْمَامِهَا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ ۚ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ أَيْنَ
شُرَكَآءِى قَالُوٓا۟ ءَاذَنَّٰكَ مَا مِنَّا مِن شَهِيدٍ ﴿٤٧﴾ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَدْعُونَ مِن قَبْلُ ۖ وَظَنُّوا۟ مَا لَهُم مِّن
مَّحِيصٍ ﴿٤٨﴾ لَّا يَسْـَٔمُ ٱلْإِنسَٰنُ مِن دُعَآءِ ٱلْخَيْرِ وَإِن مَّسَّهُ ٱلشَّرُّ فَيَـُٔوسٌ قَنُوطٌ ﴿٤٩﴾ وَلَئِنْ أَذَقْنَٰهُ رَحْمَةً
مِّنَّا مِنۢ بَعْدِ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِى وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً وَلَئِن رُّجِعْتُ إِلَىٰ رَبِّىٓ إِنَّ لِى عِندَهُۥ
لَلْحُسْنَىٰ ۚ فَلَنُنَبِّئَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِمَا عَمِلُوا۟ وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴿٥٠﴾ وَإِذَآ أَنْعَمْنَا عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ
أَعْرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٍ ﴿٥١﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ثُمَّ
كَفَرْتُم بِهِۦ مَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ هُوَ فِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٢﴾ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ
حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ أَلَآ إِنَّهُمْ فِى مِرْيَةٍ مِّن
لِّقَآءِ رَبِّهِمْ ۗ أَلَآ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍ مُّحِيطٌۢ ﴿٥٤﴾﴾ فصلت: ٤٦ - ٥٤

خواي گەورە دەفەرموێ هەرکەسێ کاری باشە ئەنجام بدات ، بەقسەی خوا بکات و سەرپێچی نەکات لەفەرمانەکانیدا ، ئەوا سودو قازانجی ئەوکارەی بۆخۆی دەگەڕێتەوە . وە هەرکەسێکیش بە پێچەوانەوە بێت ، دژایەتی خوا بکات و فەرمانەکانی پشت گوێ بخات، ئەوە زەرەری ئەوکارەی بۆخۆی دەگەڕێتەوە ، خۆی تاوانبار دەکات و خۆی تووشی تۆڵەی خوا دەکات

وە پەروەردگاری تۆ ستەم لە بەندەکانی ناکات واتا ئەگەر چاکەیان کرد ، چاکەکەیان بە زیادەوە بۆ هەژمار دەکات ، وە ئەگەر خراپەیان کرد تەنها یەک خراپە هەژمار دەکرێ و زیاد ناکرێ لەسەریان .لیرەدا وشەی الظلام پێی دەوترێ سیغەی النسبە ،

نەک سیغەی موبالەغە ، واتا بەو مانایە نایەت کە بلێی پەروردگار زۆر زولم ناکات ، بەڵکوا واتا پەروەردگاری تۆ زولْم ناکات .

وە زانیاری هاتنی ڕۆژی قیامەت هەر لەلای خوایە و هیچ کەسێکی لێ ئاگادار نەکردۆتەوە ، نەهیچ پێغەمبەرێک علیهم الصلاة والسلام نە مەلائیکەت ، وە نەهیچ دروستکراوێکی تر . بویة جگە لە الله تعالی هیچ کەسێکی تر غەیب نازانێ . وە دەفەرموێ هەر بەروبومێک کە لەپۆشەرەکەی خۆی دێتە دەرەوە ، وە هەر مێینەیەکیش چ منالێک لەرەحمیدا هەڵبگرێت ئیلا خوا پێی دەزانێ و لەپێشدا بە هەموو شتێک ئاگادارە . ئەمانە مەسائیلی قەدەرن ، ڕەنگە یەکێ بڵێ خوا پێمان دەزانێ کاتێ ئێمە لەسکی دایکمانین ؟ دەڵێین نەک کاتێ لە سکی دایکتانن بەڵکو پێش ئەوەش کە کاتێ بونەوەر نەبووە ، هیچ شتێک نەبووە بەس خوا هەبووە ، خوا زانیویەتی تۆ کێیت و ناوت چییە ، کچی یان کوڕی ، وە بەهەشتی یان جەهەننەمی . ئەمانە هەموی بەزانیاری خواي تەعالایە .

واتا زۆر زانایەو پەی بردووە بە هەموو دروستکراوەکانی .

وە لە ڕۆژی قیامەت خواي تەعالا بانگی ئەوانە دەکات کە شەریکیان بۆ خوا قەرار دابوو ، جا لەهەر شێوە شەریکێک ، لەمردوان بێ یان لە زیندوان ، بەو شەریکانە دەڵێ ، کوان ئەو شەریکانەی کەوا بۆمنتان دانابوو ، یەعنی ئەوکەسەی کە لەژیانی خۆیدا لەغەیری اللـــه پەرستراوێکی دیکەی کردبێ بە پەرستراوی خۆی ، چ لەڕوانگەی عیبادات ،وە چ لەڕوانگەی ڕێنمایی وەرگرتن . لە ڕۆژی قیامەت خوا دەفەرموێ کوان ئەوانە ؟ کوان سەرکردەکانتان ؟ کوان ئەوانەی فریویان دان؟ دەڵێن خواي گەورە ئێمە پێمان ڕاگەیاندی لە ڕاستیدا کەس لە ئێمە نییە کە بلێ لەگەڵ تۆ شەریکێک هەیە . تۆ شەریکت نییە و تاقانەی .

واتا هەموی پوچەڵ و بەتاڵ بوویەوە ، کێ ئەتوانێ لە ڕۆژی قیامەت سەربەرزبکاتەوە لە ئاستی خوایە تەعالا ؟؟

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَدْعُونَ مِن قَبْلُ ۖ وَظَنُّواْ مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ ﴿٤٨﴾﴾ فصلت: ٤٨

واتا بزر بوون ، ون بوون ، نەمان ئەوانەی کە لەدنیادا هاواریان بۆ دەکردن ، یان ڕێنماییان لێ وەردەگرتن . کەس لەو ڕۆژە خۆی ناکات بە خاوەنی ڕێبازەکەی

،هەمموی خۆی دەشارێتەوە وە یەقینیان بۆ دروست بوو کە هیچ پەناگەیەک نییە لە خوا زیاتر ، کەواتە دەبێ چی بکەن ؟ دەبێ بلێن بەهچ شێوەیەک ئێمە شایەدی ئەوە نادەین کە خوایەکی تر هەیە لەگەڵ تۆ ، بەڵکو هەمموی عەبدی تۆیە ، جا ئێمە دەڵێین ، با ئێستا بگەڕێینەوە بۆلای خوا چونکە ئەوکاتە دانپێدانان هیچ سودێک ناگەیەنێ .

قَالَ تعَالَى: ﴿لَّا يَسۡـَٔمُ ٱلۡإِنسَٰنُ مِن دُعَآءِ ٱلۡخَيۡرِ وَإِن مَّسَّهُ ٱلشَّرُّ فَيَـُٔوسٞ قَنُوطٞ ٤٩﴾ فصلت: ٤٩

خواي گەورە دەفەرموێت ئینسان قەت بێزار نابێ لەوەی کەوا داوا لەخوا بکات کە نیعمەتی بداتێ ، لەوەی کە دونیای بداتێ، داوای سیحەت و ماڵی دنیا دەکات وە لەوەی کە لە دنیا پێویستی دەبێ ، هەرگیز لە داواکردنی ئەوانە بێزار نابێ . بەڵام ئەگەر توشی قەدەرێکی ناڕەحەت ببێت ئەوە بێئومێد و بێ هیوا دەبێ ، وەک بڵێی هیچ خێری نەبینیوە لە ژیانی خۆی . ناڵێ ( انا لله و انا الیه راجعون ) بەڵکو بێئومید و بێ هیوا دەبێ ! ناڵێ خوا خۆشی پێ بەخشیم سوپاسی دەکەم ، وە ئەگەر ناخۆشیم توش هات سەبر دەگرم ، ناواناڵێ ، هیوای نامێنێ و هیچ شتێکی لەبەر چاو نامێنێ !

وە خوا دەفەرموێ بەڵام ئەگەر لە دوای ناخۆشیەکان خۆشی بدەینێ و نیعمەتی بۆ فراوان بکەین دەڵێت ، ئەمە بەدەستی خۆم پەیدام کرد ! بەعیلمی خۆم هێنام !شوکری خوا ناکات لەسەری بەداخەوە ..

بەڵکو دەڵێ ڕۆژی قیامەت هەر نییە ، توشی شک و گومان دەبێ لە قیامەت ، یان دەڵێ ئەگەر هەشبێ ئەوە خوا بەهەمان شێوە ئەمداتێ وەک چۆن لە دنیا دای پێم !

خوا دەفەرموێ ڕۆژی قیامەت ئێمە بەو کافرانە ڕادەگەیەنین کە چیان کردووە لەو هەموو کوفرو سەرلێشێواوی و گومڕاییە وە لەسەر ئەوەش کە پێمان ڕاگەیاندن کە دەرەنجامی ئەو کارە چەشتنی عەزابێکی ئەستورو ناڕەحەتە .

وە ئەگەر ئێمە نیعمەتمان دا بەئینسان لە جیاتی شوکرو عیبادەت بکات ، پشت لە خوا دەکات . وە ئەگەر توشی ناڕەحەتی ببێت ، ئەوە دوعایەکی زۆۆر دورو درێژ دەکات بۆئەوەی ڕزگاری بێت لە ناڕەحەتی .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ثُمَّ كَفَرْتُم بِهِۦ مَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ هُوَ فِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ
٥٢ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ
كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ٥٣ أَلَآ إِنَّهُمْ فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآءِ رَبِّهِمْ ۗ أَلَآ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍ مُّحِيطٌۢ ٥٤﴾ فصلت:
٥٢ - ٥٤

خواي گەورە دەفەرمويّت ئەي پيّغەمبەر صلى الله عليه وسلم تۆ پيّيان بلّىّ ئادەی پيّم بلّيّن ئەي ئەوكەسانەی كە بیّ بڕوان بەرامبەر بە ئیسلام و قورئان ،ئەي ئەوكەسانەی كە بیّ بڕوان بەرامبەر بە پيّغەمبەر عليه الصلاة والسلام وە دەلّيّن ئەم قورئانە قسەی بەشەرە ، و لەلايەن خواوە نەهاتووە بزانن كە ئيّوە ئەو قسانە دەهيّننە سەر زمان ئەوە لە ئيّوە سەرلیّشيّواو تر نییە ، چونكە ئيّوە لە خيلافيّكى زۆر دووردان لەبەرامبەر حەقدا . وە ئيّوە موناقشەيەكى زۆر ناحەقانە دەكەن كە بڕوا بەقورئان ناهيّنن و لەسەر كوفر بەردەوام دەبن .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ٥٣﴾ فصلت: ٥٣

واتا ئيّمە پيشانى ئەو كافرانەی دەدەين ئايەتەكانى خۆمان لەسەر ڕاستيّتى ئەوەی كە خوا جل وعلى خواي بەشەرەو ئەبي بەشەر بەقسەی بكات ، لەسەر ئەوەی كە پيّغەمبەر عليه الصلاة والسلام پيّغەمبەری خوايە و ئەبي خەلّكى بيكەن بەڕابەری خۆيان ،نابیّ ڕابەريّكى تر لەو زياتر هەلّبژيّرن .

كەليمەی افاق وەک عولەما دەفەرموون بريتيە لە ئەو فتوحات و ئەو سەركەوتنانەی كە هاوەلّان و شويّنكەوتوانيان بەدەستيان هيّنا كە دەستيان بە جيهادەوە گرتبوو ، ولّاتانيان ئازاد دەكرد لەدەستى كافران ، وە ولّاتى ئيسلام ڕۆژ بەڕۆژ فراوانتر دەبوو . ئەمە يەكيّكە لەو بەلّگانە لەسەر ڕاستيّتى قورئانى پيرۆز .

وە هەوەها خواي تەعالا ئەو ئايەتانە نيشانى خەلّكى دەدا لە نەفسى خۆياندا ، كە نەفسى خۆيان جيّگەی ئەوەيە كەوا سەرنجى بدەن و ئەو هەموو ئەندامانەی كە لەلاشەی ئينساندا هەيە دەلالەت لەوە دەكات كە بۆخۆی ناتوانیّ ئەو ئيشانە بكات ،

ئیلا ئەگەر خواي تەعالا ئەو ئەندامانە هەڵنەسورێنێ ، وە لەلایەنی خۆیانەوە بێ ئەوەی تۆ دەستت تێدا هەبێ ئیشی خۆیان دەکەن . ئەوەش لە عیلمی تەشریحدا دەتوانی بکۆڵیەوە و سەرت بسوڕمێ لە ئایەتەکانی خواي تەعالا .

ڕیشاندانی ئەو ئایەتانەش بۆئەوەیە تا بویان ڕوون بێتەوە کە ئەم قورئانە حەقە ،ئەم قورئانە نابێ خەڵک پێی بێ بڕوا بێ ، چونکە لەلایەنی خواي بەرزو پیرۆزەوەیە .

باشان خوا دەفەرموێ بەس نییە بۆ ئەوان کە خوا خۆی شایەدی داوە کە ئەو قورئانە کەلامی خۆیەتی ، بەس نییە بۆ ئەوان شاهێدی خواي تەعالا لەسەر ڕاستێتی قورئان و شاهێدی پێغەمبەر علیەالصلاة والسلام ، وەهەروەها بەس نییە کە خوا خۆی لەسەر هەموو شتێ شاهێدە ، لەسەر هەمو کارو گوفتارەکانی گشت بەندەکانی .

ئەم ئایەتە زیاتر ڕوو دەکاتە یەهود و نەصارا کە لە کیتابەکانیان خوا شایەدی داوە کە محمدعلیە الصلاة والسلام حەقە و قورئان حەقە و ئەوانیش ئەیسەلمێنن کە حەقە بەڵام حەسودی و خۆبەزل زانی وای کرد کە دانی پێدانەنێن .

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿أَلَآ إِنَّهُمۡ فِي مِرۡيَةٖ مِّن لِّقَآءِ رَبِّهِمۡۗ أَلَآ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءٖ مُّحِيطُۢ ٥٤﴾ فصلت: ٥٤

بزانن ئەم کافرانە گومانیان هەیە لە زیندووبوونەوە ، وەک باسمان کردووە کافرەکانی قورەیش بڕوایان بە زیندوو بونەوە نەبوو ، ئەوان گومانیان هەبوو لەوەی کەوا ڕۆژی قیامەت دێت و ئەوان بە دیداری خواي تەعالا دەگەن .خوا دەفەرموێ بزانن کە عیلم و قودرەتی خواي تەعالا دەوری هەموو شتێکی داوە ، هیچ شتێکی لێ ناشاردرێتەوە ، نە لە ئاسمانەکان و نە لەزەوی ، خواي تەعالا زانست و دەسەڵاتی بێ سنوورە . بوية ئاگاداربن ئەمانە هەمووی هەڕەشەن ، ئەوەی پشت بکاتە ئەم قورئانە لەدەست خوا ڕزگاری نابێ . هەر کەسێ لەکەسێ بترسێ لیی ڕادەکات . بەڵام تۆ کە لەخوا بترسی ئەتبي بۆلای بگەڕێیتەوە .

(ففروا الی اللـــه) ، واتا فیرار بکەن بۆلای خوا لە غەیری خوا بچن بۆلای ڕزگارتان نابێ ، بوية خواي تەعالا لەسەر هەموو شتێک بەتوانایە ، وە هێنانی ڕۆژی قیامەت زۆور ئاسانە لەلای خواي تەعالا ، گران نییە وە مەخلوقات هەمموی لەژێر دەسەڵاتی خوا دایە کەس ناتوانێ سەربزوێنێ لە ئاستی خواي تەعالا ، وە هەرهەمموی بە حوکمی خوا دەجوڵێتەوە . ئەوەی بیەوێ دەیکات وە

ئەوەی نەیەوێ نابێت ، وە هیچ خوایەک شایستەی پەرستن نییە بەحەق جگە لە اللـــــه تبارک و تعالی .

کۆتایی تەفسیری سورەتی (فصلت)

ولله الحمد والمنة

ئامادەکردنی قوتابیەکی مامۆستا